# هەڵاتن بۆ لای خودا



لیۆ نیکۆلاڤیچ تۆلستۆی

وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە:

نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)

بانەمەڕی 2011ی زایینی

سەرچاوە : ئینترنێت

هەڵاتن بۆ لای خودا نووسراوەیەکی تراژیدییە سەبارەت بە دوایین ڕۆژەکانی ژیانی "لیۆ نیکۆلاڤیچ تۆلستۆی"[1] کە نووسەرێکی ئوتریشی (نەمساوی) بەناوی "ستێفان چوایگ " لەگەڵ چەند نووسراوەی تر لە کتێبێکدا بە ناوی "کاتژمێرەکانی مرۆڤایەتی"[2] بڵاوی کردۆتەوە.

لە ساڵی 1890 دا، لیۆ تۆلستۆی بیوگرافیی خۆی نووسی کە دواتر وەك دراما بەناوی "دیاربوونی تیشك لە تاریکیدا" بڵاو بۆوە. ئەو خۆی تەنیا بۆ دۆزینەوە و دیاریکردن و گەیشتن بە ژیانێکی ئاسایی ئەو کارەی دەست پێکرد، بەڵام نە لە ژیانیدا و نە لە کارە ئەدەبییەکانیدا، نە ساڵی 1890 و نە دەساڵ دواتر واتە 1900 نەیتوانی کۆتاییەك بۆ ئەو کارەی بدۆزێتەوە و بە ئاکامی بگەیێنێ. بەو هۆیەوە، ئەو بەشە لە ژیانی و تەنانەت لە کارە ئەدەبییەکانیشیدا تا ئەو کات هەر بە پچڕاوەیی مایەوە.

کۆتایی ئۆکتۆبری ساڵی 1910 دوای ماوەیەکی زۆر دابڕان لە شۆڕشی خەڵکی ڕووسیا، ئاخرەکەی خۆی لەو تەلیسمە ڕەها کرد و هەوڵی هەڵاتن لە ژینی بە قەولی خۆی 'بێهوودەی ئەشرافی' دا و دوای تێپەڕکردنی قۆناغێکی زۆر ئەستەم و پڕ لە تراژیدی لەو ژیانەی خۆی ڕای کرد. ڕای کرد بۆ ئەوەی لانی کەم جێگایەك بدۆزێتەوە کە بتوانێ لە ئاشتی دا و بە ئازادی و بە ئیشتیای خۆی بێ ئەوەی چاوەدێری بکەن، تێیدا بمرێ.

1. لیۆ تۆلستۆی 9ی سێپتمبری 1828 لە "یاسنا یاپالیانا"ی ڕووسیا لە دایك بووە و 20ی نەوامبری 1910 کۆچی دوایی کردووە

2. کاتژمێرەکانی مرۆڤایەتی(**ISBN-13:** 978-3596205950)



ژووری کاری تۆلستۆی

کۆتایی ئۆکتۆبری 1910 لە شاری "یاسنا یاپالیانا"ی رووسیا. ژووری کاری تۆلستۆی زۆر ساکار و دوور لە رازانەوەیە و وەك لە وێنە ناودارەکەی دا دەبینرێ، زۆر تێکەڵ و پێکەڵە.

سکرتێرەکەی دوو قوتابی زانکۆ بەرەو ژوورەوە رێنوێنی دەکات. هەردووکیان بە شێوەی رووسی کراسێکی ڕەشی یەخە گیراویان لەبەر دایە. هەردووکیان گەنج و زۆر زیتن. خۆیان زۆر ئاسایی دەجووڵێننەوە بە بێ ئەوەی هیچ شەرمێکیان پێوە دیار بێ.

سکرتێر : تکایە جارێ دانیشن، دڵنیا بن لیۆ تۆلستۆی ئێوە زۆر بە مەحتەلی ڕاناگرێت؛ بەڵام تکاتان لێ دەکەم حورمەتی پیرییەکەی ڕابگرن و زۆری ووتوویژ لەگەڵ مەکەن. ئاخە لیۆ تۆلستۆی بە ڕادەیەك ووتوویژی پێخۆشە کە جاری وایە ماندوویی لەبیر دەچێتەوە، دیارە ماندوو بوون زۆر بۆ سلامەتی ئەو باش نییە.

قوتابی یەکەم: ئێمە پرسیارێکی زۆرمان لە لیۆ تۆلستۆی نییە. تەنیا و تەنیا پرسیارێکمان هەیە. پرسیارێك کە زۆر گرنگە هەم بۆ ئێمە و هەم بۆ

ئەو. من بەڵێنیتان پێ دەدەم کە زۆری ڕانەگرین بەو مەرجەی کە بتوانین بە ئازادی خۆمان لەگەڵی بدوێین.

سکرتێر : دیارە ئێوە ئازادن... و زۆر سروشتییە. بەڵام بە "گەورەم" ناوی مەهێنن. نازناوی وای پێ خۆش نییە.

قوتابی دووهەم: بە پێکەنینەوە، دڵنیا بن ئێمە هەرگیز شتی وای پێ ناڵێین، چونکە باوەڕمان بەو چەشن نازناوانە هەر نییە.

سکرتێر : ئەوەتا ئەوە هات. ئەوە لە پلیکانەکان دێتە خواری.

تۆلستۆی دێتە ژوورەوە. هەنگاوی بڵیند و گورج هەڵدێنێتەوە، سەرەڕای پیرییەکەی زۆر ئاسایی دەجووڵێتەوە، بەڵام تووڕە و دەمارگرژ. کاتی قسەکردن پەیتا پەیتا قەڵەمێك لە دەستیدا هەڵدەسووڕێنێ و یا کاغەز لە دەستیدا گلۆڵە دەکا. زۆر بە وردی و گورجی دەچێ بۆ لای دوو قوتابییەکان و دەستیان لەگەڵ لێدەداتەوە. بۆ ماوەیەکی کورت هەرکام لەوان بە سەرنجەوە سەیر دەکا و لە پەنایان ڕادەوەستێ.

تۆلستۆی: ئێوە هەر ئەو دوو کەسەن کە قەرار بوو لە لایەن کومیتەوە بێن بۆ لام؟ ببورن ناوەکانتانم لە بیر چۆتەوە.

قوتابی یەکەم: زانینی ناوی ئێمە زۆر گرنگ نییە. ئێمە ئەو دوو کەسە هاتووینەتە لای ئێوە بە نوێنەریی لە لایەن سەدان هەزار قوتابییەوە.

تۆلستۆی زۆر بە سەرنجەوە سەیریان دەکات و دەڵێ: پرسیارێکی تایبەت تان لە من هەیە ؟

قوتابی یەکەم: تەنیا پرسیارێك.

تۆلستۆی: ئەدی ئێوە؟ روو دەکاتە قوتابییەکەی تر.

قوتابی دووهەم: منیش هەر ئەو پرسیارم هەیە. ئێمە هەموومان تەنیا هەر پرسیارێکمان لە ئێوە هەیە لیۆ تۆلستۆی خۆشەویست. هەموومان، هەموو شۆڕشگێڕانی گەنجی رووسیا. هیچ پرسیارێکی ترمان جگە لەوەنییە:

**"بۆچی ئێوە لەگەڵ ئێمە نین؟"**

تۆلستۆی: من پێموایە وەڵامی ئەو پرسیارەم بە روونی لە کتێبەکان و نووسراوەکانی ئەم دواییانەدا داوەتەوە. من نازانم ئێوە خۆتان کتێبەکانی منتان خوێندۆتەوە یان نا؟

قوتابی یەکەم: ئایا ئێمە کتێبەکانی ئێوەمان خۆێندبێتەوە؟ تۆلستۆی خۆشەویست! ئەوە زۆر شتێکی عەنتیکەیە ئەو پرسیارەی ئێوە لە ئێمەی دەکەن. خوێندنەوە! بەڕاستی سەیرە! ئێمە لە منداڵییەوە لەگەڵ کتێبەکانی ئێوە ژیانمان کردووە. ئێوە بە کتێبەکانتان دڵی زۆربەی گەنجانی رووسیەتان وە لێدان خستووە و لە خەوتان هەڵستاندوون. کتێبەکانی ئێوە ئێمەی فێری دادگەری و دادپەروەری کردووە. کتێبەکانی ئێوە... تەنیا ئەو کتێبانە دڵ و رووحی ئێمەیان سەبارەت بە دەوڵەت و کلیسا و خۆسەپاندنیان بەسەر خەڵکی هەژاردا، وەخەبەر هێناوە. تەنیا و تەنیا هیوامان بە ئێوە بوو و هەیە کە بۆ رووخاندنی دامودەزگای ئەو دیکتاتۆرانە هاویارمان بن.

تۆلستۆی: بەڵام نەك بە توندوتیژی!

قوتابی یەکەم درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ: لەوەتا ئێمە فیری قسەکردن بوین و چاومان کردۆتەوە، بە هیچ کەس ئەوندە متمانەمان نەکردوە وەك بە ئێوە. ئەگەر ئێمە لەخۆمان پرسیبێ، کێ دەتوانێ لە بەرانبەر ئەو هەموو زۆڵم و زۆرە دا ڕاوەستێ، گوتوومانە تۆلستۆی. کاتێ پرسیارمان کردوە کێ دەتوانێ ئەو نیزامە خۆێنخۆرە بڕووخێنێ، گوتوومانە ئەو، تۆلستۆی خۆشەویست! ئێمە قوتابی ئێوە بووین، خدمەتکاری ئێوە بووین، من پێموایە ئەوکات بۆ دەستهەڵێنانێکی ئێوە ئامادە بووم بمرم. ئەگەر من چەند ساڵ لەمەوبەر ئیزنی هاتنە ئێرە بۆ لای ئێوەم هەبایە، لە

بەرانبەرتاندا سوجدەم دەبرد. من تا سنووری پەرەستن ئێوەم خۆش دەویست. ئێوە ئاوا خۆشەویست بوون بۆ ئێمە، بۆ تاک تاکی ئێمە. بۆ سەدان هەزار و لەویش زیاتر. بۆ تەواوی گەنجانی رووسیە هەتا چەند ساڵ لەمەوبەر. من گلەییم هەیە، ئێمە هەمووومان گلەییمان لێتان هەیە، کە چەند ساڵێکە خۆتان لە شۆڕشگێڕان دوور خستۆتەوە و تەنانەت دژایەتیی ئێمەش دەکەن.

تۆلستۆی: دەیجا بە بڕوای ئێوە من دەبێ چی بکەم کە لە بەرەی ئێوەدا بمێنمەوە؟

قوتابی یەکەم: دیارە من حەددی ئەوەم نییە رێنوێنی و ئامۆژگاریی ئێوە بکەم. ئێوە خۆتان ئاگادارن کە چی بۆتە هۆی بێگانەبوونی هەموو گەنجانی رووسیا.

قوتابی دووهەم: با دیالۆگەکە زۆر درێژە نەدەین و بچینە سەر قسەی سەرەکی. روودەکاتە تۆلستۆی و دەڵێ: ئێوە دەبێ ئیتر چاوەکانتان بکەنەوە و خۆتان لەمە زیاتر لەو هەموو نادادپەروەرییەی حکوومەت دژ بە خەڵکی، نەشارنەوە. ئێوە دبێ لەسەر مێزی نووسینەکەتان هەستن و زۆر بە روونی و ئاشکرا بێننە ریزی شۆڕشگێڕانەوە. ئێوە دەبێ بڕیارێکی سەربەخۆو و وەڵامێکی ڕاست بە خەڵکی بدەنەوە. ئێوە خۆتان ئاگادارن لە چ بارودۆخێکی دژواردا و بە چ بێ رەحمییەك دژ بە ئێمە دەجووڵێنەوە. زیاتر لە گەڵای ناو باغچەکان مرۆڤ لە زیندانەکان ئاخنراون. ئێوەش ئەوانە هەموو بە چاوتان دەبینن. رەنگە وەك دەڵێن ئێوە بۆ چەند رۆژنامەی ئینگلیزی چەند وتارێکتان سەبارەت بە ئازادی و مافەکانی مرۆڤ نووسیبێت بەڵام لیۆ تۆلستۆی خۆشەویست ئێوە خۆتان دەزانن کە لەبەرابەر ئەو تیرۆرە خوێناوییانە دا هیچ قسەیەك بڕ ناکات. ئێوە خۆتان لە ئیمە باشتر دەزانن کە تەنیا شۆڕش و ڕووخانی ئەو رژیمە دەتوانی ڕزگارمان بکات. ئەوەش دەزانین کە ئەگەر ئێوە بتانهەوێ، تەنیا بە گوتەکانتان دەتوانن لەشکرێك دژ بە حکوومەت دروست کەن.

ئێوە ئێمەتان کردە شۆڕشگێڕ، ئێستاش کە بە ژیانی خۆشی خۆتان گەیشتوون، بە خشکە ڕووی خۆتان وەردەگێڕنەوە و ئەو سەگ و گورگانەتان لە ئێمە بەرداوە.

تۆلستۆی : هیچکات من توند و تیژیم پێ باش نەبووە. هیچکات! لە سی ساڵ پێش لە ئێستاوە بۆ بەربەرەکانی دژ بە توندوتیژی، هەوڵ بۆ ژیانی ئارام دەدەم. سی ساڵ پێش ئێستا، ئێوە هێشتا لە دایك نەببوون من هەوڵم نەتەنیا بۆ لابردنی توندوتیژی بەڵکوو بۆ دانانی نیزامێکی بێ شەڕ و پڕ لە دادپەروەری داوە.

قوتابی دووهەم: دەی باشە تا ئێستا چ فەرقێکی پێ کردووە؟ لەو سی ساڵەدا چیتان دەستگیر بووە؟ لە ماوەی ئەو سی ساڵەدا بە نووسین و شێوەی ئارام چ گۆڕانکارییەکتان توانییوە پێك بێنن؟ نابینن کە بەو شێوەیە نەتەنیا هاوکاریی دوژمن دەکەن بەڵکوو ورەی خەڵکیشی پێ دەشکێنن و ماوەی ژیانی حکوومەتی زۆردارانی پێ درێژدەکەنەوە. نا، نا، لیۆ تۆلستۆی خۆشەویست ئەوە هیچ یارمەتیدەرێك نییە بۆ رزگار بوون. تەنانەت مرۆڤ ئەگەر بە زمانی فریشتەش لەگەڵ ئەو پیاوکوژانە بدوێی سانتیمەترێك ناکشێنەوە دواوە. زمانی قسەکردن و تێگەیاندن لەگەڵ ئەوانە تەنیا مستی قووچاوی خۆمانە. ماوەیەکی زۆرە، خەڵک لەسەر ئەو چەشنە هەڵس و کەوتە ئارامانە ڕاوەستاون، ئیتر سەبریان تەواو بووە. ئیتر ساتی ئەوە گەیشتووە کە بە سەر و بابانیانەوە بەربەرەکانیی ئەو زاڵمانە بکەن.

تۆلستۆی: دەزانم، تەنانەت بیر لە شەڕی ئیلاهیش دەکەنەوە و دەتانەوێ بەو شەڕە ئیلاهییە تۆی ڕق و قین داچێنن. بەڵام من هیچ هەوڵێك بۆ پەرەپێدانی رق و قین نادەم و رق و قین ناناسم و ناشمەوێ بیناسم. تەنانەت نامەوێ دژ بەو کەسانەی وا لە بەرابەر خەڵکیشدا ڕاوەستاون رقم هەبێ. ئەو کەسانەی تووڕەن و کاری توند و تیژیی دەکەن رۆحیان زیاتر لە عەزابدایە تا ئەو کەسانەی توند و تیژییان بەسەردا دەسەپێ. من ڕەنگە بەزەییم بەو زاڵمانە دا نەیەت بەڵام ڕقیان لێ هەڵناگرم.

قوتابی یەکەم: بەڵام من ڕقم لە هەموو ئەوانەیە کە دژ بە ئازادیی مرۆڤ رادەوەستن. نا، تۆلستۆی خۆشەویست هیچکات ناتوانن فێری من بکەن کە ڕقم لەو خوێنخۆرانە نەبێت.

تۆلستۆی: بەڵام هەر ئەو خوێنخۆرانەش برای ئێمەن.

قوتابی یەکەم: تەنانەت ئەگەر ئەو کەسانە برای دایکیی منیش بن ئەگەر هەڵێکم بۆ دەست کەوێ، وەك سەگ دەیانکووژم. نا، نابێ بەزەییمان بەو کەسانە دابێ کە بەزەیی ناناسن. هیچکات نەزم و ئاشتی و ئارامی و ئازادی بۆ وڵاتی ئێمە ناگەڕێتەوە ئەگەر بە دەستی زۆر و بە توندوتیژی مەجبووریان نەکەین.

تۆلستۆی: هیچکات نەزم و ئارامی و ئازادیی بە توند و تیژیی پێك نایەت. چونکە هەر توند و تیژییەك، بە بێ ئەوەی بتانەوێ توند و تیژییەکیتری بەدوادا دێت. ئەوکاتەی دەستتان بۆ چەك برد، بێ نەزمی و نائارامی پێك دێنن.

قوتابی یەکەم: بەڵام هیچ میتۆدێکی تر نییە لە بەرابەر دەسەڵات جگە لە فەوتاندنی.

تۆلستۆی: ئەوە راستە. بەڵام هیچکات نابێ میتۆدێك بەکاربێنین یاخود بەهانەیان بدەینە دەست بۆ ماڵوێرانی و کوشتنی زیاتر. باوەڕتان بە من هەبێ هێزی راستەقینە هیچکات دەست ناداتە توندوتیژی. لە ئینجیلدا نووسراوە ...

قوتابی یەکەم: ئاخ، واز لە ئینجیل بێنن، ئەوە رەنگە بۆ بارودۆخی دوو هەزار ساڵ لەمە پێشی مرۆڤ نووسرابێ. ئەگەرچی ئەو کاتیش هیچ یارمەتییەکی نەکرد دەنا دنیای ئەمڕۆی ئێمە پڕ لە زاڵم و خوێنڕێژ و نا دادپەروەریی نەدەبوو. نا، تۆلستۆی خۆشەویست بە ئینجیل ناکرێ ئەمڕۆ کەلەبەر و دەتوانم بڵێم دۆڵی نێوان زاڵم و خەڵکی هەژار پڕ بکرێتەوە.

پرسیارم ئەوەیە ئایا بە ملیۆن هەژاری بێ تاوان دەبێ ئەشکەنجە بکێشن بۆ ئەوەی چەند کەس تاوانکار دڵیان نەیێشێت و ئازاریان پێ نەگات؟

تۆلستۆی: من ئەشکەنجە کێشانم پێ باشترە هەتا خوێن رشتن و شەڕ.

قوتابی یەکەم: ئەشکەنجە کێشان بە باش دەزانن؟ دەباشە ئەگەر ئەوەندەتان پێ باشە سەرێکی زیندانەکان بدەن یاخود بچنە سەر شەقامەکان و لە خەڵکی هەژار و برسی بپرسن کە ئایا ئەشکەنجە کێشان باشە؟

تۆلستۆی: باشترە ویژدانی مرۆڤ ئازاد بێ هەتا توند وتیژیی ئێوە. پێتانوایە بە بۆمباو و چەك دەکرێ تووڕەیی لەسەر ئەم هەردە لابچێ؟ نا ئەوە تەنیا دەبێتە هۆی کارلێکەریی تووڕەیی لە ناو ڕۆح و لەشی ئێوەشدا. من هەمیسان دووپاتی دەکەمەوە: سەدان جار باشترە ئەشکەنجە بکێشین تا ئەوەی مەجبوور بە کوشتن بکرێین و ببین بە پیاوکوژ.

قوتابی یەکەم: دەی باشە... دەی باشە، ئەگەر ئەوەندەتان ئەشکەنجە و بەدبەختی و برسێتی پێ باشە تۆلستۆی خۆشەویست، ئەدی بۆچی خۆتان ناتانەوێ تاقی کەنەوە؟ بۆچی هەوڵی تەنیا خۆبەخت کردن بۆ ئەوانیتر دەدەن؟ خۆتان لە جێگای گەرم دانیشتوون و لە قاپ و کەوچکی زێودا چێشت دەخۆن لە کاتێکدا خەڵکی هەژار بە برسێتیی لە کوڵاناندا لە سەرمانە دەمرن. ئەدی بۆچی ناچن وەك ئەوان بژین؟ بۆچی ئەم کۆشکە بەجێ ناهێڵن و بچنە سەر شەقامەکان لە بن باران و بەفر و سەهۆڵدا بژین تا بزانن خەڵکیی چی دەکێشن ئەگەر هێندەتان ئەشکەنجە کێشان پێ باشە؟ بۆچی تەنیا گوتە تان هەیە و باسی لێوە دەکەن و خەڵکیی ئامۆژگاریی دەکەن لەجیاتی ئەوەی خۆتان تاقی بکەنەوە و بە کردەوە نیشانی بدەن؟ بۆچی خۆتان وەك نموونەیەك نیشان نادەن؟

تۆلستۆی تەواو ئارام ببوەوە و هیچی نەدەگوت. سکرەتێرەکەی خۆی دەهاوێتە نێوانیان و دەیهەوێ بە توندیی لە قوتابییەکان تووڕەبێ، بەڵام تۆلستۆی زۆر بە ئەسپایی بە دەستی سکرەتێرەکە دەکشێنێتە لاوە و دەڵێ:

لێیانگەڕێ، ئەو پرسیارەی ئەو مرۆڤە گەنجە لە منی کرد یەك لەو پرسیارە باشانەیە. پرسیارێك کە ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی ویژدانی منی کرد. زۆر پرسیارێکی گرنگ و ڕاستە. من هەوڵ دەدەم ئەو پرسیارە بە دروستیی وەڵام بدەمەوە.

تۆلستۆی هەنگاوێك نزیک دەبێتەوە. خۆی کۆدەکاتەوە و چاو لە قوتابییەکان دەبڕێ، هەناسەیەک هەڵدەکێشێ و بە دەنگێکی گڕەوە دەڵێ:

ئێوە پرسیارتان ئەوەیە کە من بە پێی ئەو شتانەی نووسیومە و باوەڕم پێیان هەیە بۆچی خۆم عەمەلیان پێ ناکەم و بەڕێوەیان نابەم؟ منیش سەبارەت بەو پرسیارەی ئێوە دبێ بڵێم، بەو پەڕی شەرمەوە ئەگەر تا ئێستا ئەو کارەم بە کردەوە بەڕێوە نەبردووە، هۆیەکەی ئەوەیە من زۆر خوێڕی بووم، زۆر لاواز بووم، زۆر هیچ و پووچ بووم. من مرۆڤێکی تاوانکارم، چونکە ئەمڕۆشی لەگەڵ بێت، هێشتا خوا ئەو هێزەی بە من نەداوە کە بتوانم بە کردەوە بۆ بیر و باوەڕی خۆم تێ بکۆشم.

تۆلستۆی چاوەکانی چکوولە دەکاتەوە و بە وردیی لە قوتابییەکە دەڕوانێ و دەڵێ:

زۆر بە توندی لەگەڵ ویژدانی من دەدوێی کوڕی خۆم. من دەزانم کە تەنانەت یەك لە هەزاری ئەو قسانەی کردوومن بە کردەوە هەوڵم بۆ نەداون. من بەشەرمەوە دەبێ بڵێم کە زۆر لەمەو بەر دەبوو ئەو ژیانە لوکسەی ئێستام، کە بە تاوانی دەزانم، بەجێ بهێڵم و وەك هەموو هەژارانی دیکەیی وڵاتەکەم بژیم. من هیچ وەڵامێکم بۆ ئەوە نییە جگە لەوی بڵێم، شەرمەزاریم هەیە، لە قووڵایی ویژدانمەوە شەرمەزاریم هەیە لەو کردەوە تاوانکارەم.

دوو قوتابییەکە هەنگاوێك دەچنە دواوە و هەردووکیان مات و بێ قسە سەیری تۆلستۆی دەکەن. تۆلستۆی بە دەنگێکی زۆر سەبر درێژە بە قسەکانی دەدا و دەڵێ:

بەڵام رەنگە، رەنگە بەشی من ئەوە بووبێت لێرە و لەوماڵەدا ئەشکەنجەی خۆم بکێشم. ئەشکەنجە بکێشم کە بۆچی بەهێز و بە ورە نیم و وزەی ئەوم نییە کە بتوانم ئەو شتانەی وا باوەڕم پێیان هەیە بە کردەوە بەڕێوەیان بەرم. رەنگە لە ویژدانی خۆمدا رەنجێکی یەکجار زۆر بکێشم کە لەهەر ئەشکەنجەیەکی ناو زیندانان ناخۆشتر بێ. بەڵام ئێوە راست دەکەن، ئەو رەنج و ئەشکەنجەیە کە بە بێهوودە و تەنیا بۆ خۆم بێ، هیچ مانایەکی نییە. من شەرمم لە خۆم هەیە.

قوتابی یەکەم: ببوورە لیۆ تۆلستۆی خۆشەویست، ئێمە مەبەستمان ئەوە نەبوو کە ئاوا هێرش بەرینە سەر کەسایەتیی ئێوە.

تۆلستۆی: نا نا بە پێچەوانە، من سپاسی ئێوە دەکەم. پرسیارێکی دیکەتان لێم هەیە؟

قوتابی یەکەم: نەخێر، ئەوە تەنیا پرسیاری ئێمە بوو لێتان. پێموایە ئەوە گەورەترین خەسارە کە ئێوە لەگەڵ ئێمە و خەڵکی هەژاری رووسیا ناکەون. چونکە هیچکەس ناتوانێ ببێتە هۆی بەرگری ئێمە لە رووخانی ئەو رژیمە خوێنخۆرە. من هەست بەوە دەکەم کە شەڕێکی زۆر خوێناوی و پڕ لە کارەساتمان لە پێشە، بەڵام هیچ ڕێگایکیترمان نییە. ئەگەر ئێوە بهاتباینەتە ریزی ئێمە رەنگە بەهۆی خۆشەویستیی ئێوەوە ژمارەمان زۆر لە ئێستا زیاتر بایە و خوێنێکی کەمتر بڕژابایە.

تۆلستۆی: ئەگەر بە بڕیاری من تەنیا یەك کەس لە ناو بچێ من ناتوانم وەڵامی ویژدانی خۆم بدەمەوە.

لە قاتی خوارەوەی ژووری کاری تۆلستۆیەوە زەنگی خواردنی نیوەڕۆ لێ دەدرێ. سکرەتێرەکە بۆ کۆتایی هێنان بەو دیالۆگە وەبیر تۆلستۆی دەهێنێتەوە کە کاتی خواردنی نیوەڕۆیە.

تۆلستۆی بە دەنگی بەرز و تووڕەییەوە دەڵێ: بەڵێ، خواردن، قسەی قۆڕکردن، خواردن، خەوتن، حەسانەوە، قسەی بێ کردەوە، بەڕاستی ژیانێکی بی مانامان هەیە؛ لە کاتێکدا ئەوانیتر خەریکی کارکردن و چەرمەسەرین. روو دەکاتەوە قوتابییەکان.

قوتابی دووهەم: کەوابوو ئێمە بە بێ دەسکەوت دەبێ بگەڕێینەوە بۆ لای هەڤاڵەکانمان؟ هیچ بەڵێنییەکمان پێ نادەن؟

تۆلستۆی زۆر بە وردیی سەیری قوتابییەکە دەکات و دوای ماوەیەکی کورت دەڵێ:

بە نێوی منەوە بە هەڤاڵەکانتان بڵێن، من حورمەت و رێزم هەیە بۆ هەمووتان و هەمووتانم خۆش دەوێ. چونکە ئێوە... ئێوەی گەنجی وڵاتەکەمان رووسیا، لە دەرد و رەنجی هەژاران گەییون و دەتانەوێ ئاڵوگۆڕ پێك بێنن و بارودۆخی ژیانی هەژاران باشتر بکەن. تەنانەت بۆ گەییشتن بەو ئارەزووەتان گیانی خۆتان لەسەر دەستتان داناوە. بەڵام سەرەڕای ئەوانەش من نایەمە رێزی ئێوەوە هەتا ئێوە خۆشەویستیی و هەڵس و کەوتتان سەبارەت بە هەموو مرۆڤ  بە چاك و خراپەوە نەگۆڕن.

قوتابییەکان ئارام راوەستاون و هیچ ناڵێن. دواتر قوتابیی دووهەم زۆر بە توندی دەڵێ: زۆر سپاس بۆ وەرگرتنی ئێمە و ئەوی کاتمان گرتن. من هەوڵ دەدەم کە ئیتر هەرگیز لەبەرانبەر ئێوەدا رانەوەستم. بەڵام ئیزنم بدەن وەك کەسێکی غەریبە چەند وشەی کراوە بڵێم. من لێرەدا پێتان دەڵێم لیۆ تۆلستۆی! ئێوە لە هەڵەدان ئەگەر پێتانوابێت هەڵس و کەوتی مرۆڤ تەنیا بە خۆشەویستیی باشتر دەبێ و ئاڵوگۆڕی بەسەردا دێت. رەنگە ئەوە بۆ دەوڵەمەندەکان و زگ تێر و بێ خەمان ڕاست بێ، بەڵام  ئەوە بۆ

ئەوانەی کە لە منداڵییەوە لەگەڵ برسێتی و خەم و پەژارە گەورەبوون و لە بەر سەرما و گەرما خۆڕاگرییان کردوە و هەموو ژیانیان لەژێر زوڵم و زۆر و پۆستاڵی زۆرداران بەسەر بردووە، زۆر نامۆیە. ئەو خۆشەویستییەی ئێوە و هەروەها باس کردنتان لە بەرانبەری و برادەریی ئایینیەکان و ڕاوەستان و چاوەڕوان مانەوەیان بۆ ئاسمان و دنیایەکی نادیار و بەڵێنی ژیانی باشتر لە دنیایەکیتردا، هیچکامیان دڵخۆشکەرەوەی ئەو خەڵکە هەژارە نین. متمانە بە هیچکام لەوانە ناکەن و سەبر و تاقەتیان تەواو بووە و دەیانەوێت بە زەبری مستی قووچاویان هەوڵ بۆ ژیانی باشتری خۆیان بدەن. بەو هۆیەوە، من بە داخەوە دەبێ بە ئێوە لیۆ نیکۆلاڤیچ تۆلستۆی بڵێم: جیهان بە خوێن سوور هەڵدەگەڕێ، شۆڕشگێڕان نەتەنیا ئەو زاڵمانە بەڵکوو منداڵەکانیشیان لە ناو دەبەن و لەت و کوتیان دەکەن. هیوادارم تا ئەو کات بمێنن و بە چاوی خۆتان شاهیدی هەڵەی خۆتان بن. لە ناخی دڵمەوە ئەو ئارەزووەتان بۆ دەکەم: "خوا مەرگێکی پڕ لە ئاشتیتان بداتێ."

تۆلستۆی تەواو مات ببوو. لە ڕوخساریدا ترسێکی سامناک لەو گەنجە بە ئیمانانە دەبینرا، کە وەك بڵێسەی ئاگر وابوون. خۆی کۆ دەکاتەوە و بۆلای قوتابییەکە دەچێ و دەڵێ: سپاستان دەکەم بەتایبەت بۆ قسەکانی ئاخرتان. ئەو ئارەزووەی ئێوە بۆ منتان کرد، خۆم زیاتر لە سی ساڵە بۆخۆمی داوا دەکەم. مەرگێك لە ئاشتیدا لەگەڵ خوا و هەموو مرۆڤ.

دوو قوتابییەکە سەری بۆ دادەنەوێنن و دەڕۆن. تۆلستۆی ماوەیکی زۆر تا لەچاوی ون دەبن، سەیریان دەکات. زۆر بە خۆشحاڵی و گەشەوە ڕوو دەکاتە سکرتێرەکەی و دەڵێ: بەڕاستی گەنجانێکی زۆر بەتین و پۆلایینن. چەندە بەهێز و توانان و چەندە بە تێڕادیوییەوە هەڵس و کەوت دەکەن. وەك کەڵ وان ئەو گەنجە رووسیانەی ئێمە. زۆر هەستێکی خۆشە دیتنی ئەو ورە پڕ لە ئاگرەی گەنجان. شەست ساڵ پێش ئێستاش هەر ئاوا بوون و لەبیرمە گەنجانی رووسی هەمیشە وا لە پشت خەڵکی هەژار ڕاوەستاون. بە باوەڕێکی پۆلایین و پێکەنینەوە بەرەوڕووی هەموو کارەساتێك دەچن و تەنانەت ئامادەن گیانی خۆشیان بەخت بکەن. تەواوی

ژیانی گەنجیی خۆیان وەلا دەنین بۆ هیچ، بۆ قسەی بێ ناوەڕۆك. بۆ ئایدیایەکی دوور لە ڕاستی. بەڕاستی جێی شانازیین ئەو گەنجە رووسانە. بەداخەوە کە ئاوا هەستی ڕق و قینیان تێدا پەروەردە بووە. بەڵام بەو قسانەیان منیان لە خەو هەستاند. ئەو دوو قوتابییە ویژدانیان وەخەبەر هێنام. ئەوان ڕاست دەکەن، من دەبێ هەوڵ بدەم خۆم لەو بێ هێزی و ژینە بێهوودە و خوێرییەتییەی خۆم رزگار بکەم. دەبێ لە پێناو قسەکانی خۆمدا ڕابوەستم. هەنگاوێکم بۆ مردن ماوە و هێشتا هەر ڕاوەستاوم و لاواز و بە بێ توانایی بڕیاردان هیچ هەنگاوێکی بۆ هەڵناهینمەوە. بەڕاستی مرۆڤ تەنیا لە گەنجەکان فێری شتی ڕاست دەبێ، تەنیا لە گەنجەکان.

دەرگای ژوورەکە بە توندی یەکاڵا دەبێت و خاتوو سۆنیا (ژنی تۆلستۆی) زۆر بە تووڕەیی و دەمارگرژییەوە دێتە ژووری و وەك شەمەنەفەرێکی بە پەلە بە خێرایی با، بە پەنا سکرتێرەکەدا تێپەڕ دەبێ. وەک ئەوەی هیچ شتێکی لێ نەبێت، سکرەتێرەکە ناگرێتە بەرچاو و روو دەکاتە تۆلستۆی. بە دوای ئەویشدا کچەکەی "ساشا" دێتە ژوورەکەوە. لەوە دەچێ کە ساشا وەدوای دایکی کەوتبێت و ئاگای لێی بێت کە نەکا شتێك بقەومێنێت.

خاتوو سۆنیا بە دەنگێکی بەرزەوە دەڵێ: زەنگی نان خواردنی نیوەڕۆ لێدراوە؛ زیاتر لە نیو کاتژمێرە کەسێك لە لایەن رۆژنامەوە سەبارەت بە نووسراوە لەعنەتییەکەت لەسەر سێدارەدان، چاوەڕوانیت دەکا. تۆش ئەو رادەگەری لەبەر ئەو سەرڕووتانە. ئەو سەرڕووتانەی کە دەیانەوێ دنیا بشێوێنن و ژیانمان لێ تێك بدەن.

خاتوو سۆنیا زۆر بێ ئۆقرە بە دەوری ژوورەکەدا دەخولێتەوە و دەڵێ: سەیرکە تو خوا هەمووشتێك لەسەر زەوی کەوتووە. کتێب لێرە و شتیک لەولا و پڕ لە تەپ و تۆز و بەڕاست ئەگەر دێمە ئەو ژوورەی تۆ وەك شێتم لێ دێ. بەختەوەرانە بەیانی ئەو کرێکارانەی وا بڕیارە فەرشی ژوورەکان بگۆڕن، دێن و لەو هەموو تەپ و تۆزە ڕزگارمان دەکەن.

کەس وەڵامی خاتوو سۆنیا ناداتەوە. بە بێ ئۆقرەیی لە ژوورەکەدا دێت و دەڕوا و دەڵێ: باشە، دە وەرە؛ لەوە زیاتر ناکرێ ئەو کابرایە چاوەڕوان ڕابگرین.

تۆلستۆی سپی هەڵگەڕاوە و زۆر بێ ئۆقرەیی، دەڵێ: ب ب باشە ئێستا دێم. من تەنیا بۆ کاتێکی کەم دەبێ لێرە بم و شتێك جێ بەجێ بکەم. ساشا یارمەتیم دەدا، دا... داوای لێ بووردن دەکەم؛ ئێستا دێم.

خاتوو سۆنیا دوای ئەوەی بە بێزەوە سەیرێکی دەور و بەری دەکات، ژوورەکە بەجێ دێڵێ . هەر لە دەرکەی ژوورەکە دەچێتە دەرەوە، تۆلستۆی بە گورجی دەرکەکە قفڵ دەکات. ساشا لەو کارەی باوکی سەری سووڕ دەمێنێ و دەڵێ: بابە چیتە؟ بۆ وا دەکەی؟

تولستۆی: کرێکاری فەرشەکە بڕیارە بەیانی بێت...! باشە هێشتا کات ماوە، جا چاک نەبوو وا باسی ئەو کرێکارانەی کرد!

ساشا: باشە چ قەوماوە؟ بۆ ئاوا ئاڵۆز و پەشێوی؟

تولستۆی: چەقۆیەك! بە پەلە چەقۆ یا مەقەستێکم بۆ بێنن.

سکرەتێرەکە بە نیگایەکی سەرسووڕهێنەرەوە لەسەر میزی کارەکەی مەقەستێکی هێنا و دایە دەستی.

تۆلستۆی کە بە ترسەوە پەیتا پەیتا ئاوڕ بۆ دەرکە قفڵ کراوەکە دەداتەوە، بە مقەستەکە لە قوژبنی ژوورەکە، لە مابەین مۆکێت و دیوارەکەدا درزێکی بچووک گەورە و گەورەتر دەکاتەوە و دواتر بە دەستە لەرزۆکەکەی پاکەتی برووسکەیەکی سەربەستراوی لێ دەردێنێ و دەڵێ: ئەوەتا، ئەوەتا، بەڕاستی سەیرە، زۆر سەیرە، جێی پێکەنینە، وەك رۆمانێکی تێکەڵ پێکەڵی فەرەنسیم دێتە بەرچاو. جا وەرە پیاوێکی وەك من بە 83 ساڵ تەمەنەوە لە ماڵەکەی خۆم دەبێ نوسراوە گرنگەکانم بشارمەوە، چونکە بەدوامەوەن، چونکە کونترۆڵم دەکەن، چونکە بەدوای

هەر وشە و نهێنییەکمەوەن و هەمووشتێکم دەدۆزن. ئاخ ... شەرمهێنەرە، وەك جەهەنمێکە ئەو ژیانەی من لێرە، ژیانی درۆ...

دوای ماوەیەك ئارام دەبێتەوە برووسکەکە دەکاتەوە و دەیخوێنێتەوە. روو دەکاتە ساشا و دەڵێ:

سێزدە ساڵ لەوە پێش ئەو برووسکەیەم نووسیوە. ئەوکات دەمهەویست لە دایکت و لەو ماڵە جەهەنەمییە راکەم. ئەوە برووسکەی خوا حافیزیی بوو لە دایکت. خواحافیزییەك کە هەرگیز غیرەتیم پەیدا نەکرد بیکەم.

برووسکەکە سەیر دەکا و بە دەنگێکی سەبر لەبەر خۆیەوە دەیخوێنێتەوە:

"لەوە زیاتر بۆم گونجاو نییە ئەو ژیانە دۆزەخییە کە زیاتر لە شازدە ساڵە دەوامی بووە درێژەپێبدەم. ژیانێك پڕ لە بەربەرەکانی، لەلایەکەوە دژ بە ئێوە و لە لایەکیتریشەوە..... من لەو ژیانە رادەکەم، راکردنێك کە زۆر لەمەوبەرەوە دەبوو بمکردبایە. من بۆیە وا بە نهێنی رادەکەم و پێشتر لەگەڵ ئێوە باسی لێوە ناکەم، بۆئەوەی هیچ ناخۆشییەك نەهێتە نێوانمان. ترسی ئەوەم هەیە نەکا وەك هەمیشە بڕیارەکەم لاواز بێتەوە و نەتوانم بەڕێوەی بەرم. تکایە بمبوورن ئەگەر ئەو نووسراوەیەم نارەحەتتان دەکا، بەتایبەت تۆ سۆنیا. بە دڵفەراوانییەوە من لە دڵیخۆتدا وەلا نێ، بەدوامدا مەگەڕێن. خۆت سەرزەنش مەکە، من سەرزەنش مەکە، لەبەر من هیچ خۆت نارەحەت مەکە."

هەناسەیەکی لە قووڵایی دڵیەوە هەڵکێشا و گوتی: ئاخ سێزدەساڵ بەسەر نووسینی ئەو برووسکەیەدا تێپەڕ بووە و یەکە یەکەی وشەکانی وەك خۆی ماوەتەوە، هیچ گۆڕانێکیش بەسەر ژیانمدا نەهاتووە. سێزدەساڵی تر ئەشکەنجەم کێشاوە، و ژیانم هەر وەك جاران بە خوێڕییەتی و لاوازیی تێپەڕ بووە. تا ئێستا، تا ئێستاش من هەر رام نەکردووە و تا ئێستاش هەر چاوەڕوانم، چاوەڕوانم بەڵام دیار نییە چاوەڕوانی چی! لە ماوەی ژیانم دا هەموشتێکم بە روونی زانیوە و پێش بینیم کردووە، بەڵام هەرگیز نەمتوانیوە و غیرەتی بڕیاردان و هەڵس و کەوتی دروستم نەبووە.

هەمیشە لاواز بووم، هەمیشە بەبێ ورە و خۆڕاگریی لە بەرابەر ئەو(سۆنیا) دا بووم.

وەك چۆن قوتابی کتێبی چڵکن و دڕاو لە مامۆستاکەی دەشارێتەوە، منیش ئەو برووسکەیەم لە ترسان لێرە شاردۆتەوە. تەنانەت وەسیەتنامەکەشم کە ئەوکات نووسیومە و تێیدا داوام کردوە کە کارە ئەدەبییەکانم بە هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم هەردە دەبەخشم و ماڵی هەموو کەسێکە و هەموو کەس دەتوانێ کەڵکی لێ وەرگرێ، خستمە دەستی ئەوەوە چونکە تەنیا ئاشتیم لە ناو ماڵدا دەویست بەجێی ئەوەی هەوڵ بۆ ئاشتی لەگەڵ ویژدانی خۆم بدەم.

سکرێتر: پێتان وایە لیۆ نیکۆلاویچ تۆلستۆی خۆشەویست، ئەگەر کاتی ... مەبەستم ئەوەیە، تکایە پێتان ناخۆش نەبی، ئیزنم بدەن، مەبەستم کاتێ کۆچی دوایی دەکەن، ئەو ئارەزووە واتە بەخشینی کارە ئەدەبییەکانتان بە مرۆڤی جیهان لە لایەن بنەماڵەکەتانەوە بەڕێوە دەچێ؟

تۆلستۆی: ئەوە شتێکی زۆر روونە. ئەوە... ئەوە یانی ... ڕاستەکەی نازانم! بڕوای تۆ چییە ساشا؟

ساشا سەری ڕادەوەشێنێ و هیچ ناڵێ.

تۆلستۆی: خوای من، بیرم لەوە ئیتر نەکردبۆوە. بە بە بەڵام نا، ئاخ... دیسانیش هەر ئاوا وەك جاران لاوازم، نا من پێموایە بە ئانقەست نەمویستووە بیری لێ بکەمەوە. ئەی خوایە هەمیسان دەمویست لە ڕاستیی لا بدەم هەر وەك هەمیشە لام داوە. بە تیژی چاو لە سکرەتێرەکەی دەبڕێ و دەڵێ: نا، من دەزانم، من بە یەقینەوە دەزانم کە خێزانم و کوڕەکانم ئەو دوایین ئارەزووەشم بە جێ ناهێنن هەر وەك چۆن ئێستا بۆ بۆچوونەکانم هیچ ڕێزێك دانانێن. ئەوان بە یەقین کارێك دەکەن کە دوای مەرگیشم لە بەرابەر خەڵکیدا دا وەك درۆزن نیشان بدرێم.

تۆلستۆی زۆر بە متمانە بەخۆوە خۆی ڕادەوەشێنێ و دەڵێ: بەڵام نابێ بێڵم وای لێ بێ. ئاخ باش بوو لانی کەم ڕێگایەکی راستم دۆزییەوە. هەر وەك چۆن ئەو قوتابییەی زانکۆ کە ئەوڕۆ بە منی گوت: خەڵکی وەڵامێکی ڕاست و بڕیارێکی سەربەخۆیان لێم دەوێ. خەڵکی تەنیا وەڵامێکی ڕاستەقینەیان لە من دەوێ! زۆر باش بوو. ئەو قوتابییە منی لە خەو هەستاند. بە 83 ساڵ تەمەنەوە نابێ چاو بقووچێنم و ترسم لە مردن هەبێ. مرۆڤ دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێت و بڕیار لەسەر راستەقینە بدات. ئەوە تەواوی هەڵەی خۆێڕی بوونی رۆحە کە مرۆڤ ناتوانێ بە باشی بڕیارەکانی بەڕێوە بەرێ. بەڵام لای کەم لەو ئاخرین کاتژمێرانەی ژیانمدا دەبێ بە ڕوونی بڕیار بدەم و بە ڕێگای راستدا بڕۆم.

تۆلستۆی ئاوڕێک لە سکرتێرەکە و کچەکەی- ساشا دەداتەوە و دەڵێ: ساشا و ڤیلادیمیر گێئۆرگیویچ(سکرتێر)! بەیانی وەسیەتنامەکەم دەنووسم. روون، ئاشکرا، بە بێ ترس کتێبەکان و هەموو کارە ئەدەبییەکانم لەگەڵ ئەو پووڵە پیسەی داویانمەتێ و کۆم کردۆتەوە بە هەموان، بە مرۆڤایەتیی دەبەخشم. هیچکەس ئیزنی ئەوەی نییە کاسبی بەو نووسراوانە بکات وا من پەیوەندیم لەگەڵ خەڵکدا پێگرتوون و هەوڵی چاکسازی و نیشاندانی ڕێگای ڕاستم پێ داون. بەیانی پێش نیوەڕۆ لەگەڵ شاهیدێکیتر وەرنە ئێرە. من لەوە زیاتر نابێ ڕاوەستم. دەنا رەنگە بە زوویی مەرگ دەستم ڕابگرێت و نەتوانم ئەو دوایین ئارەزووەم وە دی بێنم.

ساشا: تەنیا شتێك بابە گیان، من نامهەوێ پێش بەو کارە بگرم بەڵام بە بڕوای من باش نابێ ئەگەر بەیانی دایکم ئێمە لێرە پێکەوە ببینێ. رەنگە گومانمان لێ بکا و ئەو بڕیاردانەت لێ ناخۆش بکات.

تۆلستۆی: تۆ راست دەکەی. نا ... لەم ماڵەدا هیچ شتێکی بەرحەق پێك نایەت؛ ژیانم لەم ماڵەدا وەك درۆ ودەلەسە وایە. کە وابوو بەیانی کاتژمێری یازدەی نیوەڕۆ لە جەنگەڵی گڕوومۆنت لە پەنا دارە گەورەکەی کە وا هەمیشە بۆ پیاسەکردن دەچمە ئەوێ، یەکتر ببینین.

هەمووشتێك جێبەجێ كەن و هیوادارم لەو ئاخرین رۆژانەی ژیانم دا خۆم لەو كەلەپچەیە ڕزگار بكەم.

زەنگوڵەی نانی نیوەڕۆ توندتر لە جاری یەكەم وەدەنگ دێ.

سكرتێر: بەڵام خاتوو سۆنیا نابێ لەو كارەی بەیانی ئاگادار بكرێتەوە، دەنا هەمووشتێك پووچەڵ دەبێتەوە.

تۆلستۆی: وایە، ئاخ ئەم خۆ شاردنەوەیە! مرۆڤ دەیهەوێ لە بەرانبەر جیهاندا ڕاست بێت، لە بەرانبەر خوا دا ڕاست بێت، لە بەرانبەر خۆیدا ڕاست بێت، بەڵام ناتوانێ لە بەرانبەر ژن و منداڵەكانیدا راست بێت. نا بەو شێوەیە ژیان ناكرێ! ئاوا ژیان ناكرێ !

ساشا: دایكم هات!

سكرتێرەكە بە گورجی قفڵی دەركە دەكاتەوە و تولستۆی بۆ ئەوەی خاتوو سۆنیا لە تووڕەییەكەی تێ نەگات، دەچێ بۆ لای مێزی كارەكەی بە شێوەیەك كە پشتی لە دەرگای ژوورەكە بێت و لەبەر خۆیەوە دەڵێ: درۆكردن لەم ماڵەدا وەك زەهر وایە بۆ من. ئاخ ئەگەر مرۆڤ بۆ جارێكیش خۆی بوایە، بە بێ درۆ و دەلەسە... ئاخ... لای كەم بە بێ درۆ پێش مردن...

خاتوو سۆنیا بە گورجی دێتە ژوورێ و بە دەنگی بەرز دەڵێ: بۆ نایەی؟ ئاخە بۆچی هەمیشە بۆ هەمووشتێك هێندەت پێدەچێ؟

تولستۆی رووی تێ دەكات. تووڕەییەكەی تەواو نیشتۆتەوە. بە دەنگێكی سەبر دەڵێ: بەڵێ تۆ راست دەكەی، من بۆ هەمووشتێك، بۆ هەر بڕیارێك زۆرم پێ دەچێ و كاتم زۆرتر دەوێ! بەڵام تەنیا شتێك لەوانیتر زۆر گرنگترە، و ئەویش ئەوەیە كە هێندە كات بۆ مرۆڤ بمێنێتەوە كە پێش ئەوەی كار لەكار بترازێ، وەختی خۆی، كارە ڕاستەكان و بڕیارە دروستەكانی بەڕێوەبەرێت!

... نیوە شەوی هامان رۆژ لە ژووری کاری تۆلستۆی.

سکرتێر: ئێوە دەبێ هەوڵ بدەن کەمێك زووتر لە شەوانیتر بخەون لیۆ تۆلستۆی خۆشەویست، ئاخە دوای ئەو هەموو ووتوویژ و سەرئێشەیەی ئەمڕۆ دەبێ زۆر ماندوو بن.

تۆلستۆی: نا، هیچ ماندوو نیم. ماندووبوون لایەنێکی زۆر خراپی هەیە: مرۆڤ لاواز دەکات، مرۆڤ لە بڕیارداندا دوودڵ دەکات. کارکردن و چالاك بوون رۆحی مرۆڤ ئازاد دەکا، تەنانەت کارێکی خراپ باشترە لەوەی مرۆڤ هیچ کارێك نەکات.

تۆلستۆی لە ژوورەکەدا زۆر بە نگرانییەوە دێت و دەڕوا و دەڵێ: من نازانم ئەمڕۆ هەڵس و کەوتم باش بوو یان نا؟ دەبێ کە ئارام بوومەوە لە ویژدانی خۆم پرسیار بکەم. ئەوەیکە بڕیارم داوە کارە ئەدبییەکانم بە هەموو خەڵکی سەر ئەم هەردە ببخشم، رووحی زۆر سووك کردووم. بەڵام من پێموایە وەسیەتنامەکەم نەدەبوو وا بە نهێنی و بەڵکوو بە ئازادی و بە غیرەت و تێرادیویەوە لەبەرابەر هەموو خەڵك دا راگەێیندبایە. بەڵام هەرچی بێت لای کەم بڕیارێکە و بڕیاردان خۆی لەخۆیدا زۆر لام گرنگە. هەنگاوێکیترلە مردن نزیك بوومەوە. ئێستا تەنیا کێشەیەك ماوە، هەڵاتن لەو ماڵە جەهەنەمییە و سەر نانەوە لە جێگایەك کە بتوانم بە ئازادی تێیدا بمرم. چونکە مردنەکەشم لەم ماڵەدا وەك تەواوی ژیانم دوور لە ڕاستیی و درۆ و دەلەسە دەبێت. 83 ساڵ تەمەنمە و هێشتا غیرەت و توانایی ئەوەم نییە خۆم لە شتی دنیایی رەها بکەم. ئەوە کات بەهەدەر دانە و دەبێ هەرچی زووتر دەستبەکار بم!

سکرتێر: کێ کاتی هاتنی مەرگی خۆی دەزانێ؟ ئەگەر مرۆڤ ئەوەی بزانیبایە رەنگە زۆر باش بوایە.

تۆلستۆی: نا، ویلادیمیر گێئۆرگیویچ هیچ باش نەدەبوو. ئەو حیکایەتە کۆنەتان نەبیستووە؟ وەرزێرێك ئەوەی بۆ گێرامەوە کە عیسا چلۆن زانیاریی کاتی مردنی لە مرۆڤ سەندۆتەوە. دەڵێن سەردەمی زوو،

مرۆڤ کاتی مردنی خۆیان دەزانی. عیسی دەبینێ کە وەرزێرە زۆر پیرە کان دەست لەسەر ئەژنۆ دادەنێن و ئیتر لەسەر مەزرا کار ناکەن. لە یەکیان پرسیار دەکا بۆچی وا بێکار و بێ بار دەست لەسەر ئەژنۆ دانیشتووە و خەریکی کشتوکاڵ نییە. وەرزێرەکە وەڵامی دەداتەوە: بۆ کێ و بۆ چی دەبێ خۆم ماندوو کەم من هێندەم تەمەن نەماوە کە بتوانم ساڵی داهاتوو لە بەرهەمی مەزراکەم کەڵك وەرگرم. لێرە بەولاوە عیسی تێگەیی کە مرۆڤ نابێ رۆژی مردنی خۆی بزانێ و ئەو زانیارییەی لێ سەندنەوە. لەو کاتەوە وەرزێر تا دوایین رۆژی ژیانیان کار دەکەن و پێیان وایە کە بۆ هەمیشە دەژین. ئەوەش زۆر ڕاستە کە مرۆڤ تەنیا و تەنیا بە کارکردن دەتوانێ سالم بێ و تەمەنی خۆی درێژتر راگرێ .

لەپڕێکدا گوێیان لە تەقەی پێلاو دبێ. خاتوو سۆنیا بەو نیوەشەوە بە بەرگی خەوەوە دێتە ژووریێ و مۆڕەیەک لە سکرەتێرەکە دەکات.

خاتوو سۆنیا: من پێموابوو بە تەنیای! دەمەوێت لەگەڵتدا بدوێم!

سکرتێرەکە سەری دادەنەوێنی، تێدەگات کە خاتوو سۆنیا دەیهەوێ بە تەنیا لەگەڵ تۆلستۆی بدوێ و دەڵێ: من دەمهەویست هەر ئێستا برۆم.

تولستۆی: بژی ویلادیمیر گێئۆرگیویچ، بژی!

سکرتێر دەڕوا و دەرکەی ژوورەکە هێشتا بە باشی دانەخراوە، خاتوو سۆنیا دەست دەکاتە بۆڵەبۆڵ و دەڵێ: زۆر سەیرە ئەو کابرایە هەمیشە بە دەوری تۆوەیە، وەك مۆتە هەمیشە پێتەوە نووساوە. پێموابێ ئەو چاوی دیتنی منی نییە و ڕقی لە منە. دەیهەوێ من لە تۆ دوورکاتەوە. بەڕاستی مرۆڤێکی خوێن تاڵ و خراپە.



تۆلستۆی و خاتوو سۆنیا

تۆلستۆی: لەخۆوە تۆ ئەو کابرایەت پێ خراپە. تۆ لە هەڵە دای سۆنیا.

خاتوو سۆنیا: نا من لە هەڵەدانیم. ئەو بە پلانەوە جێی خۆی لە نێوان من و تۆ دا کردۆتەوە و من و منداڵمی لەبەر چاوت کردۆتە بێگانە؛ تۆی لە من دزیوە. لەوەتی ئەو کابرایە لێرەیە هیچ شتێکی ئەو ماڵە هی من نییە تەنانەت تۆش ئیتر بۆ من و منداڵم نیت و هی هەموو خەڵکانی تری!

تۆلستۆی: سۆنیا، ئەوە ویستی خوا بووە کە من و کارەکانم بۆ هەموو مرۆڤایەتی بین.

خاتوو سۆنیا: بەڵێ، دەزانم، سکرتێرەکەت هەموو ڕۆژێك ئەو شتانە بە گوێتدا دەخوێنێ، ئەو دزە و تۆی لە من و منداڵەکانم دزیوە. دەزانم تەنانەت تۆ دژ بە من و منداڵەکانم هان دەدا. من ئیتر ناتوانم ئەو کابرایە لە ماڵی خۆمدا ببینم. من پێمخۆش نییە ئیتر ئەو لێرە بێت.

تۆلستۆی: بەڵام سۆنیا تۆ دەزانی من پێویستیم پێی هەیە و بە بێ ئەو ناتوانم کاروبارم بە تەنیا جێ بەجێ بکەم.

خاتوو سۆنیا: هەزاری وەك ئەو دەتوانی بدۆزیەوە. ئەو کابرایەم ئیتر بۆ تەحەمول ناکرێ. من نامهەوێ کەسێك لە مابەین خۆم و خۆت دابێ.

تۆلستۆی: سۆنیا، چاوەکەم، تکات لێدەکەم بەو شتە ئاساییانەوە خۆت نارەحەت مەکە. وەرە لێرە دانیشە. با پێکەوە برێك بدوێین. پێکەوە بدوێین هەر وەك ئەوکات کە خۆشەویستییەکی یەکجار زۆر لە نێوانماندا بوو. بیری لێ بکەوە چاوەکەم، ئێمە ئیتر تەمەنێکی زۆر کەممان ماوە و دەبێ ئەوپەڕی کەڵکی لێ وەربگرین. ئەو دوایین ڕۆژانەی ژیانمان با بە خۆشەویستیی تێپەڕ بکەین.

خاتوو سۆنیا نائارام لە دەور و بەری خۆی دەڕوانێ و لە حاڵێکدا گیانی دەلەرزی بە ئەسپایی دادەنیشێ.

تۆلستۆی: سەیرکە سۆنیا، من پێویستیم بەو مرۆڤانە هەیە. ڕەنگە بۆیە پێویستیم بەوان هەیە چونکە باوەڕێکی لاوازم هەیە. چونکە هەر وەك خۆت دەزانی من بەو شێوەیە نیم کە خۆم ئارەزووی بەهێزبوونم بۆ خومم دەکرد. هەر ڕۆژێك کە تێپەڕدبێ ئەوەم زیاتر بۆ ڕوون دەبێتەوە. هەزاران مرۆڤ لە سەر ئەم هەردە هەن کە بیر و باوەڕی خۆیان لەگەڵ یەکتردا بەش دەکەن. هەر بۆیەش دەبێ تێ بگەین بۆ ئەوەی بە دڵنیاییەوە ژیان بکەین، مرۆڤ هەمیشە پێویستیی بە کەسانێك هەیە کە بە

خۆشەویستیی راستەقینە و متمانەوە بتوانن لەگەڵ یەکتر باس لە بیروباوەڕ و بۆچوونەکانیان بکەن. رەنگە ئەو مرۆڤە ئاسمانییانەی باسیان لێوەدەکرێت، بە تەنیایی و بە بی ئەوەی پێویستیان بەیەکیتر بێ بتوانن باشتر کارەکەیان بەڕێوەبەرن و کارلێکەرییان لەسەر مرۆڤ باشتر بێت، بەڵام سۆنیا خۆ من مرۆڤێکی ئاساییم و ئاسمانی نیم. من زیاد لە مرۆڤێکی لاواز و پیر هیچیتر نیم. هەربۆیە پێویستیم بە کەسێك هەیە کە لە نزیکەوە بەهێزم ڕابگرێ. گەورەترین خۆشی ژیانم ئەوە دەبوو کە تۆ خۆت، تۆیەکی زیاتر لە 48 ساڵە لەگەڵم دەژی، لە باوەڕ و بۆچوونەکانی مندا بەشداریت کردبایە و شەریکم بوایەی. بەڵام سۆنیا هیچکات تۆ ئەوەت نەویستوە و هەوڵت بۆ نەداوە.

خاتوو سۆنیا خۆی رادەوەشێنی و تۆلستۆی دەڵێ: نا سۆنیا باش لە من تێ بگە، من گلەییم لێت نییە. تۆ تا ئەو جێگایەی لە تواناییت دابووە، خۆشەویستییت بە من و منداڵم داوە. تۆ ناتوانی لە من بگەی من چ رەنجێك لە دەروونی خۆمدا دەکێشم. چۆن دەتوانم گلەیی لە تۆ بکەم کە بۆچی لە دەروونی من ناگەی! ئەو کابرایەی تۆ دەتەوێ لە منی دوورخەیەوە کەسێکە کە خۆمی لە دەروونمەوە پێ بە هێز دەکەم. یارمەتیدەرمە بۆ دۆزینەوەی راستەقینەی ژیانم. ئەو مرۆڤە لە سیبرییەوە هاتووە و رەنجێکی زۆری لە ژیاندا کێشاوە تا بەو کەسایەتییە گەیشتووە کە ئەمڕۆ هەیە. من لەو کەسە شتێکی زۆر فێر بووم. بۆچی دەتەوێ ئەو مرۆڤانە لەمن دوور خەیتەوە.

خاتوو سۆنیا: چونکە ئەو تۆی بۆ من و منداڵم وەك غەریبەیەك لێ کردووە. من ناتوانم چی دی ئەو تەحەمول بکەم. چی بکەم ناتوانم. نەخۆشی خستووم، شێتی کردووم. تەواو هەست دەکەم هەرشتێك ئێوە دەیکەن دژ بە منە و هیچیتر. بۆ وێنە ئەوڕۆ نیوەڕۆ کاتێك هاتمە ژوورەکەوە سێ بە سێ ئەو کوتە کاغەزەتان بۆچی لەمن شاردەوە؟ بۆچی هیچکامتان نەتاندەتوانی ڕاستەو خۆ چاوم لی بکەن؟ نە تۆ نە ئەو و نە ساشا. دیارە و لێم روونە شتێکتان دژ بە من لەبن سەردایە. دڵنیام دەتانەوێ کارەساتێکم بەسەر بێنن.

تۆلستۆی: هیوادارم کە خوا لەم ماوە کورتەی ژیانمدا کە پانتر لە پەنجەی دەستم نابێ، هیچکات ئیزنی ئەوە نەدا کە کارەسات بەسەر کەسێکدا بێنم.

خاتوو سۆنیا: کە وابوو تۆ خۆشت دەزانی کە شتێك لە من دەشارنەوە. تۆ ناتوانی لەگەڵ من درۆ بکەی وەك لای ئەوانیتر دەیکەی!

تۆلستۆی: من لای ئەوانیتر درۆ دەکەم؟ ئەوە تۆ بە منی دەڵێی؟ تۆ! دەی ئەگەر تۆ ئەوە بە من بڵێی، ئەوانیتر دەبی چ بڵێن! نا... هیوام لە خوا ئەوەیە کە گوناهی درۆکردنم هەرگیز نەیەتە سەر. رەنگە مرۆڤی لاواز نەتوانن و غیرەتی ئەوەیان نەبێ کە هەمیشە ڕاستەقینە بڵێن و بدرکێنن، بەڵام پیموا نییە لەبەر ئەو هۆیە بە درۆزن و پیاو خراپیان نێوبێنن.

خاتوو سۆنیا: دەی باشە ئەگەر وایە، پێم بڵێ چیتان لە بن سەردایە. ئەو برووسکەیە چ بوو؟ دە پێم بڵێ، لەوە زیاتر ئەشکەنجەم مەدە.

تۆلستۆی: سۆنیا ئاندرێڤنا من تۆ ئەشکەنجە نادم بەڵکوو تۆ بۆخۆت، خۆت ئەشکەنجە دەدەی. هۆیەکەشی ئەوەیە کە ئیتر منت خۆش ناوێ. ئەگەر منت خۆشبویستبایە، متمانەت بەمن دەبوو. سۆنیا تکات لێ دەکەم، سەیرێکی خۆت بکە، زیاتر لە 48 ساڵە لەگەڵ یەك دەژین، رەنگە لە گۆشەیەکی ئەو ساڵانەدا لە قوژبنێکی ژیانماندا بڕێك خۆشەویستی سەبارەت بە من بدۆزیەوە. ئەگەر دۆزیتەوە هەوڵ بدە بەو کەمە خۆشەویستییەوە هەر وەك جاران، سۆنیای ئەو کاتی من بی. خۆشەویستیی، متمانەکردن، لێبووردن، ئەوانەن رەمزی ژیان. جاری وایە لە هەڵس و کەوتی تۆ سەبارەت بە خۆم ترس دامدەگرێ.

خاتوو سۆنیا: من نازانم چۆنم؟ رەنگە تۆ راست دەکەی، من لەبەر چاوی تۆ ناحەز و تووڕە دەنوێنم. جاران، جاران هەمووشتێك باش و روون بوو. ئێمە وەك هەموو مرۆڤێکی تر دەژیاین. بەختەوەرانە کارمان دەکرد و منداڵەکانمان گەورە دەکرد. مرۆڤ دڵخۆش بوو وهەستی دەکرد کە ورده ورده پیر دەبێ و ژیانی ئاسایی تێپەڕدەکات. لەپڕێدا سی ساڵ لەوەپێش ئەو باوەڕەی تۆ و خەڵوەتکردنت لەگەڵ خوای خۆت

هەمووشتێکی لە ئیمە تێك دا. من و منداڵەکانمی ئاوا لە تۆ دوور خستەوە. من چیم دەتوانی بکەم، تەنانەت ئێستاش لێی تێ ناگەم چ مانایەکی هەبوو ئەو کارەی تۆ. نا من تێ ناگەم، من تێ ناگەم!

تۆلستۆی: سەیر کە سۆنیا، تەواو ئەوشتەی ئاماژەت پێکرد من دەمەوێ لێتی تێ بگەێینم. لە قۆناغێکدا مرۆڤ لە ژیانیاندا لێك تێ ناگەن، دەبێ بە هێز و توانایی خۆشەویستییەوە متمانە بە یەکتر بکەن. ئەوە هەم بۆ خۆشەویستیی مرۆڤ راستە و هەم بۆ خۆشەویستیی لەگەڵ خوا. تکات لێ دەکەم متمانەت بە من هەبێ و کەمێك سەبرت هەبێ، دڵنیات دەکەم هەمووشتێك بە باشی تێپەڕ دەبێ و روون دەبێتەوە.

خاتوو سۆنیا: باشە تۆ هەمووشتێکم پێ دەڵێی؟ تۆ دەبێ هەمووشتێکم بۆ بگێڕیەوە. ئەو شتانەی ئەوڕۆ روویان دا و هەر کارێکتان کردووە.

تۆلستۆی: بڕێك سەبرت هەبێ، هەمووشتێکت بۆ دەگێڕمەوە. دڵنیابە لەو ماوە کورتەی ژیانم دا هیچ شتێکت لێ ناشارمەوە. من تەنیا چاوەڕوانم تا سێریۆشکا و ئاندرە بگەڕێنەوە. ئەوکات بە شەهادەتی هەمووتان ئەو شتانەی لەو چەند رۆژەدا قەوماون بۆتان روون دەکەمەوە. سۆنیا تکات لێ دەکەم ئەو ماوە کورتە متمانەم پێ بکە و ئیتر دڵ پیسی لەخۆتدا وەلا نێ و چاوەدێریم مەکە. ئەوە رەنگە دوایین تکای من بی لە تۆ. دڵنیام دەکەی؟

خاتوو سۆنیا: باشە ، بەڵێ، بەڵێ دڵنیا بە.

تۆلستۆی: سپاست دەکەم. سەیرکە سۆنیا، بە قسە کردن لەگەڵ یەکتر و متمانەکردن بە یەکتر، ژیان چەند ساکار دەبێتەوە. چەندە باش بوو کە لەگەڵ یەک دواین. تۆ دڵی منت گەرم کردەوە. ئەو ماوەیە بێ باوەڕی و شك لە روخسارت دەباری. بەڵام ئێستا ئیتر ئەستێرەکەت وەدیار کەوت. من هەمیسان دەتناسمەوە سۆنیا ئاندرێڤنا. ئەو نیگایەی جارانتم وەبیر هاتەوە، ئەوکات وا تازە یەکترمان ناسیبوو. رۆحی من، بچۆ کەمێك پشوو بدە. ئیتر زۆر درەنگە. من لە قوۆڵایی دڵمەوە سپاست دەکەم.

تۆلستۆی ناوچاوانی خاتوو سۆنیا ماچ دەکات، خاتوو سۆنیا دەڕوا و لەبەر دەرکەی ژووریَ ئاوڕێك دەداتەوە و دەڵیَ: بەڵام تۆ هەمووشتێکم بۆ دەگێڕیەوە، هەمووشتێك.

تۆلستۆی: هەمووشتێك سۆنیا، تۆ تەنیا بەڵێنییەکەی خۆتت لە بیر نەچێتەوە.

خاتوو سۆنیا لە دوایین هەنگاوی بۆ دەرەوە بە دڵپیسییەوە سەیرێکی سەر میزی کاری تۆلستۆی دەکات و دەڕواتە دەریَ.

تۆلستۆی چەند جارێك لە ژوورەکەدا دێت و دەچێت و دواتر لە پشت میزی کارەکەی دادەنیشێت. چەند وشەیەك لە کتێبی رۆژانەیدا دەنووسیَ و هەڵدەستیَ و چەند جارێکیتریش لە ژوورەکەدا هاتوچۆ دەکات. دواتر هەر بە ڕاوەستانەوە کتێبی رۆژانەکەی هەڵدەداتەوە و لەبەر خۆی بە ئەسپایی دەیخوێنێتەوە: من هەوڵ دەدەم لە بەرابەر سۆنیا دا تە ئەو جێگایەی دەتوانم لەخۆ بوردوو بم. پێموایە کەم یا زۆر بەو ئامانجەم دەگەم کە ئارامی بکەمەوە. ئەوڕۆ دوای ماوەیەکی زۆر بۆ یەکەمین جار توانیم بە چەکی خۆشەویستیی مەجبوور بە بیرکردنەوەی بکەم. ئاخ ئەگەر...

تۆلستۆی کتێبەکە لەسەر میزی کارەکەی دادەنیَ، هەناسەیەک هەڵدەکێشی و دەچیَ لە ژووری خەو، کە لە پەنا ژووری کارەکەیەتی، چراکە هەڵبکا. پێڵاوکانی دەردێنیَ و جلو بەرگی خەو لەبەر دەکات و دەچێتە جێگاکەیەوە. چرای ژوورەکە دەکووژێنێتەوە. ماوەیەك لە تاریکی و ئارامیی شەودا ڕادەکشیَ. لەپرێکدا دەرکەی ژووری کارەکەی زۆر بە ئەسپایی وەك ئەوەی دزێك هاتبێتە ناو ماڵ، دەکرێتەوە. کەسێکی لەنتەر بەدەست بە تیشکێکی زۆر کزەوە وەژوور دەکەویَ. ئەو کەسە خاتوو سۆنیایە. زۆر بە ترسەوە لەپێشدا سەیرێکی ناو دەرکەکە دەکات. دواتر بە لەنتەرەکەوە دەچێتە سەر میزی کاری تۆلستۆی. تیشکی کز و خڕی لەنتەرەکە لەو ژوورە تاریکەدا تەنیا میزی کارەکەی رووناك کردووە. خاتوو سۆنیا کە تەنیا دەستی لەرزۆکی لەو کزە تیشکەدا دەبینریَ، هەموو

میزەکە دەپشکنێ. دانە بە دانە کاغەزەکان هەڵدەگرێ و سەیریان دەکات. کتێبی ڕۆژانەش هەڵدەگرێ و دەیخوێنێتەوە. بە بێ ئەوە شتێك بدۆزێتەوە بە گورجی لەنتەرەکە هەڵدەگرێ و دەچێتە دەرێ. هێشتا دەرکەی ژووری کارەکەی بە تەواوی دانەخستووە، تۆلستۆی دەرکەی ژووری خەو دەکاتەوە و بە گورجی دێتە ناو ژووری کارەکەی. مۆمێکی هەڵکراوی بە دەستەوەیە و بە شڵەژاوی و نگرانی بە بێ ئەوەی بزانێ چ دەکا لە ژوورەکەدا ئەملا و ئەولا دەکات.

تۆلستۆی کە لە ژووری خەوەکەیدا خۆی لە سۆنیا گرتبوو، سەری سووڕ مابوو کە دوای ئەو هەموو ڕوونکردنەوەیە هێشتا باوەڕی پێ ناکا. هەڵس و کەوتی سۆنیا ئەو پیاوە پیرەی زۆر نارەحەت و نیگەران و پەشێو کردبوو. بە گورجی وەدوای دەکەوێ و لەپڕێکدا دەگەڕێتەوە و بە ئارامیی مۆمە هەڵکراوەکە لەسەر میزی کارەکەی دادەنێ و بە سەبرایی لە دەرکەی ئەوبەری ژووری کارەکەی دەدا کە دووشان- دوکتور و هەڤالی تۆلستۆی، لێ نووستوە.

تۆلستۆی: دووشان، دووشان.

دووشان: ئێوەن لیۆ تۆلستۆی خۆشەویست.

تۆلستۆی: سەبر قسە بکە دووشان. بە پەلە وەرە دەرێ.

دووشان لە ژووری خۆیەوە بە جلی خەوەوە دێتە دەرێ.

تۆلستۆی: بچۆ بە کچەکەم ساشا بڵێ بە پەلە خۆی بگەێینێتە ئێرە، لای من. دواتر بە پەلە بچۆ بۆ تەویلەی ئەسپەکان و بە گرێگۆڕ بڵێ ئەسپەکانمان بۆ زین بکات. بەڵام پێی بڵێ زۆر بە سەبرا ئەو کارە بکات. نابێ کەس بزانێ. تۆ خۆشت بە سەبرا بڕۆ، پێڵاو لەپێ مەکە. ئاگات لە دەرکەکان بێت جیرەیان لێوە نەێیت. دەبی بڕۆین، بە بێ ڕاوەستان. نابێ کات بە فیرۆ بدەین.

دووشان دەڕوا و تۆلستۆی لە جێی خۆی دادەنیشێ و جل و بەرگی دەرەوە لەبەر دەکات و پۆستاڵەکانی لە پێ دەکات. چەند کاغەز و نووسراوە هەڵدەگرێ. زۆر بە تێڕادیویەوە دەجووڵێتەوە و جار جارە شانی هەڵدەبەزێنێتەوە. ساشا وەژوور دەکەوێ و دەڵێ: چ قەوماوە بابەگیان؟

تۆلستۆی: من لێرە دەڕۆم، من لێرە هەڵدێم! کاتژمێرێک لەوەپێش دایکت قەولی دامێ کە متمانەم پێ دەکات و ئێستاش کاتژمێر سێی نیوەشەو بە دزیەوە دێتە ژووری کارەکەم، دیار نییە لە چی دەگەڕێ. بەڵام ئەوە زۆر باش بوو، زۆر باش. ئەوە بووە هوی ئەوی من غیرەت پەیدا بکەم و لەو ماڵە جەهەنەمییە بڕۆم. تا ئێستا چەند جار داوام لە خوا کردوە ئەگەر کاتی ڕۆیشتنم بگات، تەنیا نیشانەیەکم بداتێ. پێموایە ئەوە ویستی سۆنیا نەبووە و ویستێکی تر بووە. ئاخرەکەی ئەو نیشانەیەم پێ گەیی. زۆر باش بوو. ئێستا ئیتر مافی خۆمە ئەو بە تەنیا بهێڵمەوە و بەجێی بێڵم.

ساشا: بەڵام بابەگیان دەتەوێ بۆکوێ بچی؟

تۆلستۆی: نازانم، ناشمەوێ بزانم. بۆ هەر جێگایەك بێ فەرقی نییە. تەنیا دوور بم لەم ماڵە جەهەنەمی و پڕ درۆ و دەلەسەیە، هیچی ترم ناوێ. لە دەرەوەی ئێرە شەقامێکی زۆر هەن، بڵێی لەو دنیا گەورەیەدا جێگایەک بۆ مردنی مرۆڤێکی پیری وەك من پەیدا نەبێ؟

ساشا: من لەگەڵت دێم.

تۆلستۆی: نا، نابێ، تۆ دەبێ لێرە بمێنیەوە و دایکت ئارام بکەیەوە، دەنا وەك شێتی لێ دێ. ئاخ ڕەنگە زۆر خەم دایگرێ. دیارە من دەبمە هۆی خەمەکەی. بەڵام من هیچ ڕێگایەکیترم نییە. دەنا لێرە دەخنکێم. تۆ لێرە بمێنەوە تا سێریۆشکا و ئاندرە بگەڕێنەوە. دواتر ئەوان بەدوام دا دێن. من لەو ماوەیەدا سەرێکی خوشکەکەم دەدەم و خواحافیزی لێ دەکەم. هەست دەکەم کە ئیتر کاتی خواحافیزییم گەیشتووە.

دووشان دێتە ژوورێ و دەڵێ: ئەسپەکان ئامادەن.

تۆلستۆی: دەباشە خۆت ئامادەکە و ئەو کاغەزانەم بۆ هەڵگرە با وەڕێ کەوین.

ساشا: بەڵام بابە گیان تۆ دەبی باڵتە پێستەکەت لەبەر کەی، دەرێ زۆر ساردە. من دەتوانم بە گورجی برێك جل و بەرگت بۆ بپێچمەوە.

تۆلستۆی: نا، نا سپاست دەکەم، پێویستیم بە هیچ نییە. خوای من، لەوە زیاتر ناتوانین راوەستین. من ئیتر پێمخۆش نییە چاوەڕوانی بکەم. زیاتر لە 26 ساڵە چاوەڕوانیی ئەو کاتژمێرە و ئەو نیشانەیە دەکەم. دووشان پەلە بکە، با بڕۆین. کتێبی ڕۆژانەکەم و کەمێك کاغەز و پێنووس هەڵگرین و بڕۆین.

دووشان: ئەدی پارە بۆ شەمەنەفەر، دەبێ پارە هەڵگرین.

تۆلستۆی: نا پارەمان ناوێ. من ئیتر پێم خۆش نییە تەنانەت دەست لەو پارە پیسانە بدەم. ئەوان من دەناسن و پارەمان لێ وەرناگرن. خوا یارمان دەبێ. دووشان وەرە با بڕۆین. روو دەکاتە ساشا و دەڵێ: ئەو برووسکەیە بدە بە دایکت. دواتریش لەسەر بارودۆخی خۆتان بە نووسراوە ئاگادارم کەوە.

ساشا: بەڵام بابە گیان من ئەگەر برووسکەت بۆ بنێرم دەبێ ئادرەسی لەسەر بنووسم. بەو ئادرەسە دەتوانن جێگاکەت بدۆزنەوە و دێنە سەرت. تۆ دەبێ ناوێکی شاراوە بۆخۆت بدۆزییەوە.

تۆلستۆی: ئاخ... درۆ، هەمیسان درۆ، دیسان رۆحی خۆم بە درۆ پیس کەم؟ هەموو شتێك هەر دەبێ شاراوە بێ... بەڵام تۆ راست دەکەی. چۆنت پی باشە با وا بێ. کە وابوو ناوم دەبی چی بێ؟

من برووسکەکانت بە ناوی "فڕۆلۆوا" بۆ دەنێرم و تۆش ناوی خۆت دەنێی "تی نیکۆلایۆڤ".

تۆلستۆی: تی ی ی نیکۆلایۆڤ، باشە باشە، ئێستاش خوا حافیز بابەکەم.

تۆلستۆی ساشا لە باوەش دەگرێ و لەبەرخۆیەوە دەڵێ: تۆ گوتت تی نیکۆلایۆڤ، وا نییە؟ درۆیەکیتر، درۆیەکیتر، خوای من، هیوادارم ئەوە دوایین درۆی من بێت.

رۆژی 31 ئۆکتۆبری 1910 سێ رۆژ دواتر لە ساڵۆنی وێستگەی شەمەنەفەری "ئەستاپەوا". لای ڕاستی ساڵۆنەکە پەنجەرەیەکی گەورەی شووشەیی و لای چەپیش بەرەو دەرکەی ژووری "ئیڤان ئیڤانۆڤیچ" بەرپرسی وێستگەکە دەڕوانێ. لە سەر کورسیی داری ناو ساڵۆنەکە و لەدەوری مێزێك چەند مسافر چاوەڕوانی گەیشتنی شەمەنەفەری شاری "دانلۆڤ" دەکەن. مسافری یەکەم خەریکی رۆژنامە خوێندنەوەیە و لە پڕێکدا بە دەنگی بەرز دەڵێ: کارێکی زۆر باشی کردووە، بژی پیرە پیاو، هەی ئافەرین. کەس چاوەڕوانیی ئەوەی لێ نەدەکرد.

مسافری دووهەم: هەواڵ چییە؟ باسی کێ دەکەی؟

مسافری یەکەم: زۆر کارێکی بە جێی کردووە. لیۆتۆلستۆی لە ماڵەکەی هەڵاتووە و کەس نازانێ بەرەو کوێ چووە. بە شەو پۆستاڵو باڵتەی لەبەر کردوە و بە بێ چەمەدان و شتی سەفەر و بە بێ خواحافیزی بۆی دەرچووە. تەنیا دوکتورەکەی دووشان پترۆویچ لەگەڵیەتی.

مسافری دووهەم: وا دیارە ژنەکەشی لە ماڵەوە بەجی هێشتووە. زۆر ناخۆشە بۆ سۆنیای ژنی. تۆلستۆی دەبێ ئێستا نزیکەی 83 ساڵێکی تەمەن بێ. کی پێشبینی دەکرد تۆلستۆی بەو تەمەنەوە ڕابکا. گوتت بۆ کوێ رۆیوە؟

مسافری یەکەم: خۆشیان نازانن. ژن و منداڵەکەی و رۆژنامەوانانیش دەیانهەوێ بزانن بۆ کوێ چووە. بە تەلەفۆن و تەلەگراف لەگەڵ تەواوی دنیا پەیوەندییان گرتووە. وەك لێرەدا نووسراوە لە سنووری بولغارستان دیتوویانە. تاقمێکیش دەڵێن ڕای کردووە بۆ سیبری. بەڵام لە ڕاستیدا

پێموایە کەس نازانێ لە کویە و بۆ کوێ چووە. بەڕاستی کارێکی زۆر باشی کردووە.

مسافری سێهەم کە گەنجێکی قوتابیی زانکۆیە دەڵێ: چیتان گوت ئەلعان؟ لیۆ تۆلستۆی لە ماڵەکەی خۆی رایکردووە؟ تکایە ئەو رۆژنامەیەم بدەنێ، پێم خۆشە خۆم ئەو هەواڵە بیخوێنمەوە. سەیری رۆژنامەکە دەکات و دەڵێ: زۆر باشە، لەوە باشتر نابێت.

مسافری یەکەم: بۆچی باشە، هەڵاتن بۆ باشە، بابم؟

مسافری سێهەم: چونکە بۆ لیۆ تۆلستۆی زۆر شەرمهێنەر بوو دژ بە بۆچوونەکانی خۆی ئاوا بێ دەنگ دانیشێ. ماوەیەکی زۆر مەجبوور بە ژیانی ئەشرافییان کرد. ئەلان ئیتر لیۆ تۆلستۆی بە ئازادی دەتوانێ لە قووڵایی رۆحیەوە بۆ مرۆڤ بدوێ. هیوادارم هەموو دنیا تێبگەن کە لە رووسیا چی بەسەر خەڵکی دێنن. ئەوە پشتیوانێکی گەورەی خەڵکییە ئەو پیاوە پیرە ئیلاهییە.

مسافری دووهەم: بەڵام رەنگە ئەو شتانەی لە رۆژنامەدا نووسراون هیچی ڕاست نەبن! سەیری مسافرەکانی دەور و بەری دەکات بۆ ئەوەی بزانێ کەس گۆی دەداتێ و دەڵێ: رەنگە تەنیا ئەو شتانەیان لە ڕۆژنامەدا نووسیبێ کە سەر لە خەڵکی بشێوێنن! رەنگە لە ڕاستیدا ئەویان شاردبێتەوە!

مسافری سێهەم: کێ ئینترەسەی هەیە لیۆ تۆلستۆی بشارێتەوە؟

مسافری دووهەم: ئەوان ... ئەوان هەموویان. هەموو ئەو کەسانەی کە لە سەر ڕێی دان. چووزانم، دەوڵەت، پۆلیس، ئەرتەش و هەموو ئەوانەی وا لێی دەترسن. ئەوە یەکەم جار نییە و زۆر کەسیتریش ون بوون. ئەوان دەڵێن چوون بۆ دەرەوەی وڵات، بەڵام ئێمە خۆمان دەزانین مەبەستیان لە دەرەوەی وڵات چی و کوێیە!

مسافری یەکەم: خۆ لەوانەیە وابێ!

مسافری سێهەم: نا، شتی وا مەڵێن، ئەو پیاوە پیرە تەنیا بە هێزی پێنووسەکەی لە هەموو ئەوان بەهێزترە. ئەگەر شتی وا بوایە، خۆیان دەزانن خەڵکی هێندەیان خۆش دەوێ کە تەنیا بە هێزی مستیان دەیانهێنا دەرێ.

مسافری دووهەم: ئاگاتان لە قسە کردنەکەتان بێت وا بەرپرسی پولیس "کریل گریگۆرویچ" بەرەو ئێرە دێ. زووکە رۆژنامەکە بشارەوە.

بەرپرسی پۆلیس "کریل گریگۆرویچ" بە یۆنیفۆرمی نیزامییەوە لەبەر دەرکە شیشەییەکەی وێستگە ڕاوەستاوە. دێتە ناو ساڵۆنەکەوە و بەرەو دەرکەی بەرپرسی وێستگەکە دەڕوا و لە دەرکە دەدا و دەڵێ: من  "کریل گریگۆرویچ" بەرپرسی پۆلیسم، تکایە دەرکەکە بکەوە.

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ دەرکەکە دەکاتەوە و دەڵێ: ئاخ گەورەم ئێوەن!

کریل گریگۆرویچ: من دەبێ هەر ئێستا قسەتان لەگەڵ بکەم. ژنەکەتان لە ماڵەوەیە؟

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ: بەڵێ

کریل گریگۆرویچ: کەوابوو هەر لێرە. روو دەکاتە مسافرەکانی ناو ساڵۆنەکە و دەڵێ: شەمەنەفەری شاری "دانلۆڤ" چەند چرکەی کە دەگاتە ئێرە، تکا دەکەم بە پەلە هەمووتان لە ساڵۆنەکە بچنە دەرەوە و ئێرە خاڵی کەن.

مسافرەکان بە نابەدڵییەوە لە جێی خۆیان هەڵدەستن و وردە وردە بەرەو دەرەوە دەچن. روودەکاتە بەرپرسی وێستگەکە و دەڵێ: چەند تلگرافی گرنگمان بە دەست گەییوە. روون بۆتەوە کە لیۆ تۆلستۆی لە هەڵاتنەکەیدا پێرێ چۆتە لای خوشکەکەی لە شاری "شاماردینۆ". گومان دەکرێ لەوێوە بە هەڵاتنەکەی درێژە بدا. هەموو ئەو شەمەنەفەرانەی لە شاری

"شاماردینۆ"وە دێن، کۆنترۆڵ دەکەین. لە پێرێوە ئەو شەمەنەفەرانەی بۆ هەر لایەنێکی شاری "شاماردینۆ" وە دەچن لە لایەن هاوکارە نهێنییەکانمانەوە کۆنترۆڵ و چاوەدێری دەکرێن.

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ: بەڵام گەورەم پێم ناڵێی بۆچی وەدوای لیۆ تۆلستۆی کەوتوون؟ خۆئەو لەو ئاشتی تێکدەرانە نییە! ئەو لە خۆمانە. ئەو مایەی سەربەرزی و شانازی ئێمەیە. ئەو مرۆڤە پیرە، سەرچاوەیەکی مەزنە بۆ وڵاتەکەمان.

کریل گریگۆرویچ: بەڵام زیاتر تۆوی نائارامی و گێرەشێوێنی لە ناو خەڵکدا دەچێنێ. مەترسی ئەوە هەیە کە ببێتە هۆی هروژاندنی شۆڕشگێرەکان.

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ: باشە کارم نییە، ئەرکی من ئەوەیە هەر شەمەنەفەرێك کە دەگاتە ئێرە کۆنترۆڵ بکەم.

کریل گریگۆرویچ: چونکە ئێوە یۆنیفۆرمتان لەبەر دایە، دەبێ بچن و لەبەر وێستگەکە، ڕاوەستن، ئەگەر هاوکارە نهێنییەکانمان کە لە هەموو شەمەنەفەرەکاندان، هەواڵێکی تازەیان هەبێ بە ئێوەی ڕادەگەیێنن و ئێوەش من ئاگادار دەکەنەوە. لەگەڵ هاوکارە نهێنییەکان وەك ئاشنایەکی خۆتان هەڵس و کەوت بکەن، با نەناسرێنەوە. تێ گەیشتن؟ نابی کەس ئاگادار بێت، چونکە ئەو هەواڵانە دەنێردرێنەوە بۆ "پێتەرزبۆرگ"، دەبێ زۆر وشیار بین کە کەسمان لێ تێ نەگا.

شەمەنەفەرێك دەگاتە وێستگەکە. ئیڤان ئیڤانۆڤیچ بە پەلە خۆی دەگەیێنێتە بەر دەرکە. چەند چرکە دواتر ژن و پیاوی مسافر کە زۆربەیان وەرزێرن، بە پەلە و هەرا و هوریا و دەنگی بەرز خۆ بە ساڵۆنەکەدا دەکەن بۆ ئەوەی پشوویەک بدەن یاخۆد چاییەك بخۆنەوە. لە پڕێکدا ئیڤان ئیڤانۆڤیچ دێتەوە ناو ساڵۆنەکە و بە دەنگی بەرز دەڵێ: هەمووتان بچنە دەرێ، بە پەلە، هەر هەمووتان. خەڵکەکە بە ماندوویی و پەشۆکاویەوە دەڵێن: بۆچی دەبێ بەو سەرمایە بچینە دەرێ؟ ئەدی ئەو ساڵۆنەتان بۆ کێ

دروست کردووە. ئێمە پارەمان داوە خۆ بە مفتێ سەفەر ناکەین. ئێمە تەنیا ماوەیەك لەسەر شەمەنەفەر ڕادەوەستین.

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ: زۆری لێ مەڵێن! بە پەلە هەمووتان بچنە دەرێ. بۆ دەرەوە. دەرکە شووشەکە بە تەواوی دەکاتەوە و دەڵێ: لێرەوە، تکایە لێرەوە، با جەنابی تۆلستۆی بێتە ژوورەوە. تۆلستۆی کە لە شانی ڕاستیەوە دووشان و لە شانی چەپەوە ساشای کچی هاوڕێیی دەکەن، دێتە ژوورەوە. ئەگەرچی تۆلستۆی باڵتەی پێستی لەبەر دایە و شاڵی لە ملی هاڵاندووە بەڵام هێشتا لە سەرمانە هەڵدەلەرزێ. بەدوای ئەودا چەندکەسێك خۆ بە ژوورەکەدا دەکەن. ئیڤان ئیڤانۆڤیچ دەڵێ: لە دەرەوە بمێننەوە. کەس ئیزنی هاتنە ژووری نییە. وەدەرکەون. چەند کەسەکە دەست دەکەن بە قسە کردن و دەڵێن: لێمانگەڕێن بێینە ژوورێ، ڕەنگە بتوانین یارمەتیدەری لیۆ تۆلستۆی بین. ئیڤان ئیڤانۆڤیچ بەو پەڕی تووڕەییەوە دەڵێ: هیچ کەس ئیزنی هاتنە ژووری نییە،هیچکەس؛ تێ گەییشتن! هەموویان دەکشێنێتەوە بۆ دەرەوە و دەرگا شووشەییەکە لەسەریان دا دەخات. لە پشت شووشەکەوە هەموو بە کونجکۆڵییەوە سەریان بە شووشەکانەوە ناوە و سەیری ناو ساڵۆنەکە دەکەن.

بەر پرسی وێستگەکە بە پەلە کورسییەکی هێنا و لە پەنا میزەکەی دانا و رووی کردە تۆلستۆی و گوتی: گەورەم پێتانخۆش نییە بڕێك لەسەر ئەو کورسییە دانیشن و بحەسێنەوە؟

تۆلستۆی: گەورەم نا، من بە ناوی گەورەم نێو مەبە! ئیتر هەرگیز ئەو ناوەم لێ مەنێن. سەیرێکی لای شووشەکان دەکات و ئەو هەموو مرۆڤە دەبینێ کە سەیری ژوورەکە دەکەن، دەڵێ: با ئەوانە هەموو بڕۆن. پێم خۆشە بە تەنیا بم. جارێك با بە تەنیا بم.

ساشا دەچێتە بەر پەنجێرەکە و هەوڵ دەدا بە باڵتەکەی شووشەکە داپۆشێ. دووشان دەچێتە تەنیشت ئیوان ئیڤانۆڤیچ و بە سەبرا پێی دەڵێ: ئێمە دەبێ بە پەلە جێگایەکی خەوی بۆ بدۆزینەوە. لە پڕێکدا نۆبەتێی گرتووە و

زیاتر لە 40 پلە گەرمای لەشیەتی. پێموایە لە شەمەنەفەرەکەدا نەخۆش کەوتووە. ئایا هوتێل یا میوان خانەیەك لەو دەور و بەرە هەیە؟ دەبێ جێگایەکی خاوێن و بە ڕێ و جێ بێت.

ئیڤان ئیوانڤیچ: نا، بەداخەوە لە هەموو ئەم شارەدا هێچ هوتێل یا میوانخانەیەک نییە.

دووشان: بەڵام بەهەر شێوەیەك بێ، دەبێ جێگا خەوێکی بۆ بدۆزینەوە. ئیوە خۆتان دەبینن رەنگە بارودۆخی لەوەش مەترسیدارتری لێ بێت.

ئیڤان ئیوانڤیچ: دیارە، من خۆشم زۆر خەمباری ئەو بارودۆخەی جەنابیانم. بەڵام تەنیا کارێك کە دەتوانم بیکەم، ئەوەیە کە ژووری خۆمی بدەمێ. بمبوورن کە ژوورێکی زۆر فەقیرانە و ساکار و چکوولەم هەیە و رەنگە جەسارەت بێ کە ئەو پێشنیارە دەکەم، دڵنیام کە شایانی تۆلستۆی خۆشەویست نییە.

دووشان: قەیدی نییە، بە هەر نرخێك کە بێ، دەبێ تۆلستۆی پشوو بدات، دەنا...

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ زۆر بە ڕووخۆشییەوە ڕوو دەکاتە تۆلستۆی کە لەسەر کورسییەکە دانیشتووە و لە سەرمان دەلەرزێ، دەڵێ: تۆلستۆی خۆشەویست، ئێوە دەبێ هەر ئێستا بچنە ناو جێگاوە و تا بەیانی پشوو بدەن، دەنا بارودۆخی سڵامەتیتان خراپتر دەبێ. رەنگە ئەگەر بەیانی برێك باشتر بوونەوە، دەتوانن درێژە بە سەفەرەکەتان بدەن.

تۆلستۆی: درێژە بە سەفەر بدەم؟ نا نا، من پێموایە ئیتر سەفەر ناکەم. ئەوە دوایین سەفەری منە.

دووشان: هیچ پێویستیی بە نارەحەتبوون ناکا، ئێوە تەنیا سەرماتان بووە و بە زوویی چاك دەبنەوە. دڵنیام بەیانی حاڵتان زۆر باشتر دەبێ.

تۆلستۆی: من هەر ئێستاش حاڵم زۆر باشە. زۆر، زۆر باشە. تەنیا دوێ شەو، زۆر ناخۆش بوو. پێموابوو دەمگرنەوە و دەمبەنەوە بۆ ئەو ماڵە لەعنەتییەم. من ئێوەم لە خەو هەستاند، نۆبەتێی دوێشەوم هێندە ناخۆش بوو هەستم دەکرد کە هەموو ددانەکانم دێشێن و هەڵدەوەرێن. بەڵام ئێستا لێرە زۆر باشم و هەست بە ... ڕاستەکی لەکوێم ئەمن؟ ئێرە کوێیە؟ دەڵێی ئێرەم هەرگیز نەدیوە! زۆر سەیرە ئەگەرچی نازانم ئێرە کوێیە، بەلام ئیتر هیچ ترسێکم نەماوەتەوە. پێموانییە ئیتر بمگرنەوە!

دووشان: دڵنیابە ناتوانن.

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ: ئێوە بە ئەرخەیانییەوە دەتوانن بچنە جێی خەوەکەم. هیچ کەس لێرە ناتوانێ بتانبینێتەوە.

دوو بەدوو تۆلستۆی یارمەتی دەدەن کە بچێتە ناو جێگاکەوە.

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ: تکایە تۆلستۆی خۆشەویست بمبوورن کە من لەو جێگا هەژارانە زیاتر ناتوانم جێگایەکی باشترتان بدەمێ. بەداخەوە تەختی خەوەکەم لە ئاسنی رووتە، بەڵام دەتوانم بە تلەگراف هەواڵ بنێرم کە بە شەمەنەفەری دواییدا تەختێکی باشتر و نەرمترتان بۆ بێننە ئێرە.

تۆلستۆی: نا، نا، من هیچیترم ناوێ. ماوەیەکی زۆر، ماوەیەکی یەکجارزۆر جێگاکەم لەهەموو کەسانیتر نەرمتر بوو. ئێستا کاتی خۆی هاتووە... هەرچەند خراپتر بێ پێم باشترە.

ساشا: بابە گیان با بچینە ئەو ژوورە و لەوێ ڕاکشێ، تۆ دەبی زۆر ماندوو بیت!

تۆلستۆی: نازانم... زۆر ماندووم، تۆ راست دەکەی. من زۆر ماندووم، بەڵام بەو حاڵەش، نازانم... وەك ئەوە وایە کە مرۆڤ خەوی بێت و خەوی لێ نەکەوێ، چونکە بیر لە شتێکی خۆش دەکاتەوە و نایەوێ ئەو بیرۆکەیەی لەسەریدایە لەبیری بچێتەوە. زۆر هەستێکی خۆشە، تا ئێستا

هەرگیز ئەو هەستە خۆشەم نەبووە. رەنگە... نازانم رەنگە ئەوە مردن بێت؟ خۆ ئێوە دەزانن من ساڵیانی درێژە ترسم لە مردن هەبووە. ترسێك كە نەمدەتوانی لە جێگادا ڕاكشێم، ئیستاش لێرە... رەنگە لەو ژوورە دا مردن چاوەڕوانم دەكات! من بە بێ ترس بەرەو پیری دەچم.

ساشا و دووشان تا دەركی ژوورەكەی دەبەن. تۆلستۆی لەبەر دەركەی ژوورەكە رادەوەستێ و سەیرێكی ژوورەكە دەكات و دەڵێ: ئێرە زۆر باشە. زۆر باش. چكوولانە، تەنگ، هەژارانە... پێم وایە زۆر لەمەوپێش خەونم بە شتێكی واوە دیتبوو. ئاوا جێگایەكی غەریب. لە جێگایەك، لە ماڵێكی غەریب. پێخەوێك كە كەسێك تێیدا نوستبوو. مرۆڤێكی پیری ماندوو. سەبركە... ناوی چ بوو؟ چەند ساڵ پێش ئێستا خۆم نووسیبووم. ئاخ ... ناوی چ بوو ئەو پیاوە پیرە؟ ئەوی وا لەپێشدا زۆر دەوڵەمەند بوو و دواتر بە هەژاریی دەگەڕێتەوە و كەس نایناسێتەوە و لەپەنا كوورەیەك دەخزێتە ناو جێی خەو. ئاخ... سەرم ... ئەو كەللە پووكەم... بۆ وەبیرم نایەتەوە؟ پیرە پیاوێك كە تەنانەت كاتی مردن ژنەكەشی لای نییە، ناوی چ بوو؟ ئا ئا ئەلان دەزانم، وەبیرم هاتەوە. "گۆرنێ واسیلیەڤ" ناوی ئەو پیاوە پیرە بوو لە چیرۆكەكەی مندا. ئەو شەوەی ئەو دەمرێ، پێشتر دڵی ژنەكەی وەخەبەر دێ. ژنەكەی "مارڤا" دێت كە بیبینێت، بەڵام تا دەگاتێ، ئیتر كابرا مردووە و ناتوانی بزانێ مێردەكەی ئەوی بواردوە یان نا. ماڤا ناتوانێ بزانی ... سۆنیا ئاندرێڤنا ... نا ناوی مارڤا بوو، من وڕینە دەكەم، بەڵێ من دەبێ ڕاكشێم.

ساشا و ئیڤان ئیڤانۆڤیچ تۆلستۆی لەسەر تەختەكە ڕادەكشێنن.

تۆلستۆی ڕوو دەكاتە ئیڤان ئیڤانۆڤیچ و دەڵێ: من زۆر سپاست دەكەم مرۆڤی غەریبە كە ماڵی خۆت خستۆتە بەردەستی من. بەڵام دەركەكە بە باشی داخەن. نامەوێ كەس ببینم. پێم خۆشە بەتەنیا بم، بە تەنیا.

ساشا و دووشان لە ژوورەكەدا دەمێننەوە، ئیڤان ئیڤانۆڤیچ دەركەی ژوورەكەیان لەسەردا دادەخات و خۆی لەبەر دەركەكە ڕادەوەستێ.

بە دەنگێکی زۆر بەرز لە دەرکە شووشەییەکەی ساڵۆنەکە دەدەن. ئیڤان ئیڤانۆڤیچ دەرکە شووشەییەکە دەکاتەوە و کریل گریگۆرویچ بەرپرسی پۆلیس دێتە ژووری.

کریل گریگۆرویچ: چی بە ئێوە گوتووە، دەبێ وشە بە وشەی بگێڕیەوە تا من بۆ "پێتەرزبۆرگ"ی راپۆرت بکەم. دەیەوێ لێرە بمێنێتەوە؟ بۆ چ ماوەیەک؟

ئیڤان ئیوانۆڤیچ: نە خۆی دەزانێ و نە کەسیتر. تەنیا خوا دەزانێ.

کریل گریگۆرویچ: بەڵام بە چ ئیزنێك جێگایەکی دەوڵەتیتان لەبەردەستی ئەو داناوە؟ ئەوە ژووری کاری ئێوەیە و ئیزنتان نییە بە کەسی غەریبەی بدەن.

ئیڤان ئیوانۆڤیچ: گەورەم، لیۆ تولستۆی لە دڵی مندا غەریبە نییە. هیچ برایەك وا لە من نزیکتر نییە وەك ئەو هەیە.

کریل گریگۆرویچ: بەڵام ئەرکی ئێوە ئەوە بوو کە پێشتر پرسیارتان بکردبایە.

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ: من پرسیارم لە ویژدانی خۆم کرد.

کریل گریگۆرویچ: لەهەرحاڵدا ئەوە لەسەر شانی خۆتانە و دواتر خۆتان وەڵامدەی دەبن. من دەبێ بە پەلە ڕاپۆرتەکەی بدەم. زۆر سەیرە...

ساشا و دووشان بە سەبرا لە ژوورەکە دێنە دەرێ. کریل گریگۆرویچ هەنگاوێك دەکشێتە دواوە و دەپرسێ: بۆچی جەنابی تۆلستۆیتان بە تەنیا بە جێ هێشتووە؟

دووشان: تۆلستۆی زۆر ئارام ڕاکشاوە، تا ئەمڕۆ روخساریم ئاوا ئارام نەبینیوە. رەنگە لێرە و لەو ژوورە ئاساییەدا بتوانێ ئەو شتە بدۆزێتەوە

کە ساڵیانێکی زۆرە لێی دەگەڕێ، واتە ئاشتی و ئارامیی. بۆ یەکەم جار لەگەڵ خوای خۆی بە تەنیایە.

ئیڤان ئیڤانۆڤیچ: بمبوورن من وەك کەسێکی ئاسایی، تێناگەم، چۆن خوا توانیویە ئەو هەموو رەنج و عەزابە بەسەر مرۆڤێکی ئاوا بە ئیماندا ببارێنێ کە هێندەی گوشار بۆ بێ، لە ماڵی خۆی راکا و لەو ماڵە هەژارانەی من بمرێ؟ چۆن دەکرێ و دەتوانن مرۆڤ، مرۆڤی رووسی رۆحی پیاوێکی ئاوا ئیلاهی بهێشێنن و ئازار بدەن؟

دووشان: باشتر کە ئاوای لێ هات، مردن بەو شێوەیە ناوی مرۆڤ بۆ هەمیشە زیندوو رادەگرێ.

ئیڤان ئیوانۆڤیچ: بەڵام دڵم ناتوانێ و نایهەوێ تێ بگا کە پیاوێکی ئاوا گەورە، پیاوێك کە سەرچاوەیەکە بۆ وڵاتی رووسیا، ئاوا ڕەنج و ئازاری لەدەست ئێمەی مرۆڤ کێشابێت. دەبێ مرۆڤ شەرم لە هەناسەکێشانی خۆی بکا کە مرۆڤێکی ئاوا ئیلاهیی ئەشکەنجە داوە.

دووشان: بابەکەم، گلەیی لە کەس مەکە. پێموایە مرۆڤ دەبێ خۆشحاڵ بێ و شانازیی بکات کە چارەنووسی پیاوێکی ئاوا گەورە لە جێگایەکی ئاوا دا کۆتایی پێ دێ. ئەگەر لیۆ تۆلستۆی رەنج و ئازاری بۆ خەڵکی و لەدەستی خەڵکی نەکێشابایە، ئەو مرۆڤە مەزنە نەدەبوو کە ئەمڕۆ هەیە!

کۆتایی